پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی هەشتەم

# چل ڕێساکەی عیشق

نوسینی

شەمس الدینی تەبریزی

وەرگێرانی

مەلا ڕەزوان ناسراو بڕینداری شاعر



پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی هەشتەم

# چل ڕێساکەی عیشق


نوسینی

شەمس الدینی تەبریزی

وەرگێڕانی

مەلا ڕەزوان ناسراو برینداری شاعر

# پێشەكی

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، درووددو سلاڤ بۆ گیانی پاكی پێغەمبەر گیان و ئال و بەیت و یارانی هەتا ڕۆژی دوایی.

خۆشەویستان مەولاناو شەمس دوو ئەستێرەی گەشاوەی ئاسمانی دینن. كە توانیویانە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خۆشەویستی خواو مرۆڤایەتی تەرخان بكەن. هەر وەك زانراوە كاریگەری ئەم دوو زاتە چەنێك بووە لەو بوارەدا، خۆشەویستان ئەم كتێبەی بەردەستت، ئەوە یەكێكە لە نوسینەكانی گەورەمان شەمس الدینی تەبرێزی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كە توانیویەتی گرینگترین یاسا بنووسێ وەك دەستوورێكی خۆشەویستی بۆ تێكڕای مرۆڤایەتی، چونكە هەموو بوونەوەرەكانی گەردوون لەسەر یاسای خۆشەویستی بە دەوری یەكترا ئەسووڕێنەوە، هەر بۆیە منیش ویستم ئەو یاسا خۆشەویستیە پێشكەش بە گەلەكەم بكەم، تاوەكوو ببێتە دەستوورێكی ژیانیان، وە لە پێشكەوتنی شارستانێتیان.

خوێنەری بەڕێز كورتە ژیاننامەیەكی هەردوو كەسە مەزنەكەم نوسیوە كە (مەولانا جلال الدینی ڕۆمی و شەمس الدینی تەبرێزیە). وە هەموو یاساكانم بۆ تۆ ڕوون كردووەتەوە، بۆیە شتێكی وام نەهێشتووەتەوە تا لێی تێ نەگەی. لە كۆتاییدا سوپاسی هەر كەسێك ئەكەم لە یارمەتی دانم بۆ ئامادەكردن و لە چاپدانی ئەم كتێبە خنجیلانەیە، لێرەوە سوپاسیان ئەكەم.

**مەلا رضوان ناسراو بریندارى شاعر**

**٢٠١٧-١١-٧ كوردستانی داگیركراو - هەولێر**

## لە دایك بوون و شوێنی پێگەیشتنی

ناوی (محمدی کوڕی محمدی کوڕی حوسەینی خەتیبی بەڵخیە) بەناوبانگە بە (جلال الدینی ڕۆمی)، کە لە ٦ ڕەبیعی ئەووەلی ساڵی ٦٠٤ هیجری بەرامبەر ٣٠ ئەیلولی ١٢٠٧ زایینی لە شاری بەڵخ کە ئەکەوێتە وڵاتی ئەفغانستان لە دایك بووە، لە خێزانێکی دین پەروەرو زانست خواز پەروەردەبووە لەسەر دەمی دەوڵەتی خواریزمیەکان،[1] باوکی بەڕێزیان زانایەکی بەرزی ئەوکاتە بووە، وە یەکێك بووە لەزاناکانی مەزهەبی حەنەفی، وە لەبەر پایە زانستیەکەی و جوامێریەکەی لە گوتنی وتەی حەق و ڕێگریکردن لە خراپەی دەسەڵاتدارەکان ناونرابوو بە "سوڵتانی زاناکان".

## قۆناغی خوێندنی

مەولانای ڕۆمی لەسەرەتا هەر لای باوکی بەڕێزیان زانستە شەرعیەکانی خوێندووە، ئینجا دواتر لای قوتابیەکی باوکی کە ناوی "بورهان الدینی موحەققەقی

[1] خواریزمیەکان: گەلێکن لە موسڵمانە سوننەکانی نەوەی تورکەکان، توانیان حوکمڕانی بەشێکی زۆری ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران بکەن لە ساڵەکانی (١٠٧٧ز _ ١٢٢٠ز)، سەرەتا شوێنکەوتووی ڕێگرە سەلجۆقیەکان بوون، پاشان توانیان سەربەخۆ بن لە سەدەی یانزە، دامەزرێنەری ئەو نەوەیە "ئازو شەتغەین"ە (١٠٧٧ز _ ١٠٩٧ز)کە لە مەمالیکەکانی غەزنەوییەکان بوو. ناوبانگی دەرکرد بەهۆی خزمەتەکانیەوە لەگەڵ سەلجۆقیەکان، دواتر وەك والی دایانمەزراند لە خواریزم، لە عەهدی "قگب الدین محمد (١٠٩٧ز _ ١١٢٨ز)، وە لە عەهدی علاو الدین ئاتسیز (١١٢٨ز _ ١١٥٦ز) دواتر سەربەخۆییەکی گەورەیان بەخۆوە بینی. سەرەتا خواریزمیەکان هەڵسان دەستیان بە فراوانکردن کرد لە خۆڕاسان، دواتر لەو کاتەوە چوونە نێو پێکدادانەوە لەگەڵ سەلجۆقیەکان لە ساڵی (١١٥٧ز)، ئینجا سوڵتان ئەلب ئەڕسەلان (١١٥٦ز _ ١١٧٢ز) هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی دەوڵەتی سەلجۆقیەکانی خستە پاڵیەوە. هەر بۆیە عەلاء الدینی تێکیش (١١٧٢ز _ ١٢٠٠ز) توانی سەلجۆقیەکان بکاتە جێنیشین لە وولاتی فارس دوای ئەوەی کە دەستیان بەسەرا داگرت لەساڵی (١١٨٧ز)، پاشان هەتا هەرێمی ڕەی فراوانی کرد لە ساڵی (١١٩٢ز). دوای ئەمانە بوونە پارێزەری دەوڵەتی عەباسی نوێ، ئینجا بەهۆی ستەمی فەرمانڕەواکانی زۆربەی شارەکانی وولات، خوای گەورە مەغۆلەکانی ناردو هەموویان کوشت و شارەکانی وێران کردو دەوڵەتی عەباسیشی لەناو برد.

ترمذیه" خوێندوویەتی، ئینجا بۆ داواکردنی زانستە عەقڵیەکان و نەقڵیەکان، وە زانستەکانی ئەهلی تەصەوف ڕووی لە وولاّتانی شام و عێڕاق و ئەو دەوروبەرە کردووە، وە بە خزمەت زۆرێك لە زانایان گەیشتووە، یەکێك لەو زانایانەی شاری حەلەب کە (شێخ کەمال الدینی کوڕی عەدیم) بوو، وە هەروەها لە شاری دیمەشقیش بە خزمەت (شێخ سعد الدینی حەمەوی وە شێخ عوسمانی ڕۆمی وە فەیلەسوف و صۆفی گەورەی ئیسلامیش شێخ محی الدین کوڕی عەرەبی وە قوتابیەکەشی کە شێخ صدر الدینی قۆنیەویە) گەیشت.

## ئەزموونی صۆفیدارییەکەی

بە گوێرەی یەکێك لەو ڕیوایاتە مێژوویانە، کەوا باوکی مەولانای ڕۆمی زۆر ئینکاری سوڵتانی ئەو کاتەی شاری بەڵخ محمد خواریزم شای ئەکرد، هەر بۆیەش وای لە باوکی و خێزانەکەی کرد کەوا ناچار بن ئەو شارە بەجێ بهێڵن، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کەوا بەهۆی دەست بەسەر داگرتنی مەغۆلەکان بەسەر ئەو شارەوە وای کردووە ئەوێ بەجێ بهێڵن، ئیتر بەهەر جۆرێك بێت ئەوان شاری خۆیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە بەغدا کرد، ئیتر زۆر لەوێ نەمانەوە تەنیا چەند ڕۆژێك نەبێ، دواتر ڕۆیشتن بۆ ئەداکردنی فەریزەی حەج بۆ شاری مەککە، ئینجا لە سوڵتانی سەلجوقیەکانی وولاّتی ڕۆمەوە کە ئەکاتە تورکیای ئێستاکەوە لە"عەلاء الدین کەیس قوباد"ەوە بانگهێشت کران بۆ ئەوەی نیشتە جێ بن لە پایتەختی ولاّتەکەی کە شاری قۆنیە بوو، کە ئەکەوێتە باشووری ئەنادۆڵ و لێواری زنجیرە چیاکانی تۆڕۆسەوە، کە بەستراوەتەوە بە عیڕاق و شامەوە، ئەمیش وەلاّمی بانگهێشتەکەی سوڵتانی داوەو ڕووی لەو وولاّتە کرد، سەرەتا لە "قرمان" نیشتەجێ بوون دواتر چوونە شاری قۆنیە، هەر بۆیەشە مەولانا ناونراوە بە جلال الدینی ڕۆمی.

باوکی مەولانا لەو شارە پایەکی بەرزی هەبوو لای سوڵتان و خەڵکەکە خەریکی ئامۆژگاری و وانەو فەتوای شەرعی بوو، بەلاّم ئەجەل دەوریداو مەولانای دڵ

ناسکی لەتەمەنی بیست و چوار سالآن بەجیٚ هیٚشت و وەفاتی کرد هەر لەو شارە لە ساڵی ٦٢٨ هیجری، بۆیە سولٚتان پۆستی وانە وتنەوەی زانستە شەرعیەکانی پیٚ بەخشی لە جیٚی باوکیا، ئەمیش بەو تەمەنە بچووکەی خۆیەوە بەرپرسیاریٚتی فەتواو ئامۆژگاری کردنی خەلٚکی لە ئەستۆ گرت، وە هەر سالٚیٚکی نەخایاند هەتاوەکوو شیٚخ بورهان الدینی موحەققەقی ترمذی هاتە شاری قۆنیەو مەولانای ئاویٚتەی ڕۆحی تەصەوف کرد، بۆئەوەی ڕیٚگەی ئەهلی تەصەوف بەتەواوی بگریٚت، کە ڕیٚگایەکە مرۆڤ بەرەو حەقیقەتی ناسین و خۆشەویستی خواو مرۆڤایەتیت ئەبات، بۆیە بڕیاری گەشت کردنی دا تاوەکوو زانستە عەقلٚی و نەقلٚیەکان و زانستە عیرفانیەکان زیاتر بە دەست بهیٚنیٚت، ئینجا دوای ئەمە گەشتیٚکی زانستی دەست پیٚ کرد بۆحەلەب و دیمەشق نزیکەی چوارسالآن لەویٚ مایەوە، بە خزمەت ئەو زانایانە گەیشت کەلەسەرەوە ئاماژەمان پیٚکردووە، پاشتر گەڕایەوە بۆ شاری خۆی، ئیتر لە قۆنیە مەولانا هەر خەریکی زوهدو خواناسین و وانە وتنەوەو ئامۆژگاری کردنی خەلٚك بوو، وە زیاتر ناوبانگی دەرکرد، وە شیٚخ شمس الدینی ئەفلاکی لە کیتابی (مناقب العارفین)دا ئەفەرموویٚ: زیاتر لە چوارسەد قوتابی لە وانەکانی مەولانادا ئەمادە ئەبوون، وە خەلٚکی عەوام و تایبەتیش وە بەگشتی خەلٚك ئەویان خۆش ئەویست، چونکە یەکیٚك بوو لە گەورە زاناکانی موسلٚمانان، وە کۆلٚەگەی شەریعەتی ئیسلام بوو.
هەر بۆیەش ناونرا بە "ئیمامی دین" وە "کۆلٚەگەی دین" وە گەیشتە ئەو پلەیەی کەوا پیٚی بلٚیٚن "سولٚتانی عاریفان" لەبەر فراوانی و زۆری زانستەکەی.

## کەسە نەناسراوەکە لە ژیانی مەولانای گۆڕی

لەوکاتەی کە مەولانا گەڕایەوە لەگەشتەکەی لە ساڵی ٦٢٤ هیجری لە ناکاو کەسیٚکی لیٚ پەیدابوو کە ناوی "شمس الدین محمدی کوڕی پاشای دادی تەبریٚزی" بوو، لە ساڵی ٥٨٢هیجری کە دەکاتە ١١٨٥ زاینی لە شاری تەبریٚز لە دایك بووە، کەسیٚکی زاناو خواناس و صۆفی و شاعیر بووە، ئەم زاتە مەزنە هەر لە منداڵی خەویٚکی سەیری بینی بوو کە گوایا خوای گەورەو فریشتەکانی بینیوە، وە لە خەو

قسەی لەگەڵیان کردووە، ئەم خەوەی بۆ باوکی باس کردووەو ئەوانیش زۆر پێیان سەیر بووە.

وە شەمس هەر خۆی بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێ: من موریدێکی شێخ ئەبوبەکر سەللە چنینی تەبریزی بووم، کە سەللەی دروست ئەکرد، من زۆر سوودم لەو وەرگرت، بەڵام لە قووڵایی ناخمدا شتێك هەبوو شەیخم ئەو شتەی نە ئەبینی، وە هیچ کەسێکیش پێش ئەو نەیبینیوە، بەڵام مەولانا ئەو شتەی بینی، هەر بۆیەش بە ناڕاستەو خۆ بە مەولانا ئەفەرمووێ: ئەوەی بۆ تۆم کردووە بۆ شەیخی خۆشیشم نەکردووە، هەر بۆیەش بەخەفەتەوە شەیخی خۆم بەجێ هێشت، وە شەمس ئەیگوت: من خۆم شەیخم.

لەوەوە تێ ئەگەین کەوا ئەو زاناو شەیخانەی کە شەمس پێیان گەیشتووە، نەیان توانیوە بەتەواوی لەشەمس تێ بگەن و هەر بۆیەش ئینکاری شەمسیان کردووە، چونکە شەمس نەیویستووە خۆی تەسلیمی فەهم و دەسەڵاتی کەسێك بکات کە خۆی لەو شارەزاتر بێت لە فەهم فراوانی زانستا، هەر بۆیەش زۆر گەشتی ئەکرد. ئەگێڕینەوە لە هیچ شوێنێك لە یەك شەو زیاتر نەخەوتووە لەبەر زۆری گەشت کردنەکانی. وە سەبارەت بە قووتی ڕۆژانەشی ئەگێڕنەوە کەوا خەونی بۆ خەڵك تەفسیر ئەکردو لەبری ئەوە شتی وەرگرتووە. وە سەبارەت بە هاتنیشی بۆ شاری قۆنیەو گەیشتنی بە دیداری مەولانا ئەوە ئەگێڕنەوە لەبەر دەم یەك وەستان و سەیری یەکیان ئەکرد، مەولانا وەك کەسێکی بەرگی زاناو خواناسی لەبەرا بووبێ وابوو، کەچی شەمس وەك کەسێکی دەروێش و نەزان بە ڕووکەش پێوە دیاربوو، شەمس پرسیارێکی لە مەولانا کرد، کە ئایا حەزرەتی ئەبا یەزیدی بەستامی گەورەترە یان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، مەولاناش ئەم پرسیارەی وەك شتێکی ناماقوڵ سەیر کرد، ئەوە کەی پرسیارە! بێگومان زانراوە کەوا پیغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) گەورەترە، بەڵام شەمس مەبەستێکی تری هەبوو لەو پرسیارە ئەگینا خۆشی ئەیزانی کە هەر ئەو گەورەترە، بۆیە شەمس پێی فەرموو: ئەی بۆچی ئەبا یەزید فەرمووی (سوبحانی سوبحانی)، کەچی

پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)، فەرمووی: سبحانك ما عرفناك حق معرفتك)[٢]؟ ئیتر مەولانا کە ئەم وەڵامە مەزنەی بیست وەك بڵێی چووبێتە دونیایەکی ترەوە، ئەمە چ عیرفانێکە ئەو زاتە مەزنە هەیەتی هەر بۆیەش زۆر شەیدای شەمس بوو زانی ئەوە کەسێکی ئاسایی نیە. وە ئەگێڕنەوە چل ڕۆژان مەولانا وانە وتنەوەی بەجێ هێشت و هەر لەگەڵ شەمسا بوو لە خەڵوەت، هەر دووکیان خەریکی خواپەرستی و نوسینەوەی چل ڕێساکەی عیشق بوون.

[2] سەبارەت بەو وتەیەی گەورەمان ئەبا یەزید (سوبحانی سوبحانی)، هەر خۆی ئەفەرمووێ: ڕۆژێکیان وتم سبحان الله، واتە پاکی و بێ گەردی بۆ خوا، ئیتر خوای گەورەش وەڵامی دامەوە لە نهێنی دڵمداو فەرمووی: ئایا هیچ عەیب و ناتەواویەك لە مندا هەیە تاوەکوو بە من بڵێی پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ؟ منیش وتم: نەخێر ئەی پەروەردگارم، ئەویش فەرمووی: دەکەواتە نەفسی خۆت لەپیسی عەیب و ناتەواوی پاك بکەرەوەو بە کردەوە چاکەکانیش بیڕازێنەوە، ئەویش فەرمووی: منیش تێکۆشانم لە دژی نەفسم کردو هەتا وتم: (سبحاني ما أعظم شأني) واتە: پاکی و بێ گەردی بۆ من حاڵم چەندە مەزنە) ئەم وتەیەی وەکوو هەواڵدان لە بری خوای گەورە فەرموویەتی، بە واتەی ئەوە نایێ کە ئەبا یەزید خۆی کردبێتە خواو بانگەوازی ئەوە بکات لەگەڵ خوایا تێکەڵ بووە، نا ئەو دوورە لەو شتانە. وە هەندێکیش ئەفەرموون ئەو وتەیەی لە حاڵەتی مەستی خۆشەویستی و ڕۆچوونی لە خواپەرستیدا بووە. هەندێکی تریش ئەفەرموون: بایەزید لە کاتی وتنی ئەو وتەیەیدا ویست و ئیرادەی لێ وەرگیراوەتەوە ئەوە خوای گەورە خۆی ئەوی بە قسە هێناوە، هەروەکوو چۆن ئەو ئاگرو ڕووناکیەی بە قسە هێنا لەسەر کێوی توورِ کاتێ گەورەمان موسا (علیه السلام) کە موناجاتی لەگەڵ خوایا کرد (جل جلاله). وە سەبارەت بە فەرمایشتە پیرۆزەکەی حەزرەتی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم)، (سبحانك ما عرفناك حق معرفتك)، واتە: پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارە، ئێمە بە تەواوی تۆمان نەناسیوە)، ئەم فەرمایشتەی حەزرەت لە حاڵی بێداری و تەمکیندا بووە، بەڵام ئەوەی بایەزید لە حاڵی مەستیدابووە، ئەگینا لە حاڵی بێداریدا ئەمیش هەمان فەرمایشت ئەفەرمووێ: هەتا ڕۆژێکیان قوتابیەکانی پێیان وت: ئەی گەورەمان تۆ ئەم وتانە ئەفەرمووی ئەمەش پێچەوانەی شەرعی پیرۆزە، ئەمیش فەرمووی: ئەگەر ئەمجارە وتم ئێوەش بە چەقۆ بمکوژن، چونکە پێچەوانەی شەرعە، ئیتر حاڵی ئەبا یەزید تێکچۆوەو دیسانەوە وتەکانی فەرموو، ئیتر قوتابیەکانی لە ژوورەکەدا کەوتنە سەری بە چەقۆ لێیانداو لەوێ هاتنە دەرەوە، ئەوەندەی نەخایاند ئەبا یەزید لەو دیوی خانووەکەوە هاتە لایان، ئەمانیش زۆر پێیان سەیر بوو، چونکە بە دەستی خۆیان ئەویان کوشت کەچی ئێستاکەش وا زیندووە. بۆیە خۆشەویستان لەو جۆرە وتانە پەلە نەکەین خاوەنەکانیان لە بازنەی ئیسلامەتی ببەینە دەرەوە چونکە ستەمێکە دەرحەق بە خواو بەو کەسە، خوای گەورە پەنامان بدات.

خۆشەویستان ئەمەش غەزەلێکی خۆشە لەسەر تینوێتی ڕۆحی مەولانا بۆ شەمس وە شەمسیش بۆ مەولانا کە لەو دیدارەدا فەرموویانە:

## دیداری مەولاناو شەمس

**شەمس: لە هەموو ساتێکا ئێمەو دونیا نوێ ئەبینەوە**

**خۆمان بێ ئاگا کردووە لەوەی کە نوێ بوونەوە لە مانەوەیە**

**دەکەواتە هەموو ساتێکیش مردن و گەڕانەوەیە**

**مصطفی فەرموویەتی: دونیا تەنیا کاژێرێکە**

**من هەواڵی ئەو فەرمانەم داوە کەوا مردن لە خودی ژیانەوەیە**

**بەڵام کاتێ ئەو ژیانە کۆتایی پێ دێ ژیانی هەتایی دەست پێ ئەکاتەوە**

**مەولانا: تۆ کێی ؟**

**شەمس: دڵۆپێکم لە شەڕابی ئاسمانەکان**

**ئەو دونیایە بەندیخانەیە، وە ئێمەش کەسانێکین لە بەندکراوەکان**

**ئیتر بەندیخانەکەت هەڵکۆڵەو خۆشت دەربازکە لە نێو بەندیەکان**

**مەولانا: تۆ کێی ؟**

**شەمس: مرۆڤ شاراوەیە لە دواوەی وتەکان**

**ئەم زمانە داپۆشەرە لە دەرگانەی ڕۆحەکان**

**مەولانا: تۆ کێی ؟**

**شەمس: تیرو کەوان ئەبینی داپۆشراون**

**ڕۆحەکانیش دەرخراون،**

**بەڵام گیانی ڕۆحەکانیش داپۆشراون**

**مەولانا: تۆ کێی ؟**

**شەمس: من ڕێ نیشاندەری تۆم، لەگەڵت ئەبم ئەی ڕەفیقم**

**من ڕێبەری تۆم لەو ڕێگا سەختە ئەی هاودەردم**

**مەولانا: ئەی هاوەڵم تۆ کێی کە سۆزت وا لەگەڵمە؟**

شەمس: لە عیشقی سولەیمانا هاوەڵایەتی ئەکەم لەگەڵ باڵندەکان

من عاشقی پەریم و ڕامکراویشم بۆیان

هەر کەسێک لەپەرییەکان بکا، هەڵی ئەگرم و ئەیخەمە نێو شووشەکان وە

تەلیسمی بەسەرا ئەخوێنم، وە ئەیشی گۆڕم بە بخوردان

من بێژەرو بێ دەنگم، وە من لەوحەی بێ دەنگەکانم

من خوێن و شیرم، وە من مناڵ و پیرم

مەولانا: من کێم ؟ من کێم ؟ نابم بەخۆم ؟!!!

شەمس: هەتاوەکوو دڵت پاک ئەبێتەوە وەکوو جوبریل گیان

هەرگیز لە دونیا ڕازی نابی، چونکە تۆ گەنجینەیەکی لە جیهان

بارگەی خۆت هەڵگرەو خۆت بگەیێنە بەکاروان

مرۆڤەکان وەکوو کەشتیە چارۆگەدارەکان وان

ئیتر هەتا کەی ئەو بارەگرانە با ئەیخاتە جولآن !!!

مەولانا: هەرگیز گرینگی نادەم تەنیا ئەوە نەبێ کە تۆ پێی ڕازی

سوپاس بۆ خوا کە ڕووخساری تۆم بینی

ڕێگەیەکم دۆزیەوە بە ئاڕاستەی تۆیی

بەهۆی گریانەوە چاوەکانم گرفتار ی بوو دەردی کزی

لەگەڵ هەندێش هەردووکیان نووریان لە چاوە جادووگەرییەکەت بینی

زۆرم پرسی، گەیشتن لە کوێیە، وە کۆتایی هێنان لە کوێیە ؟!!

ئەم لە کوێیە لە کوێیە وای لێ کردم کە تۆ لە کوێی ؟

گەڕانێکم کرد بە نێو دڵمەوە

هەتاوەکوو وام لێ هات بگەڕێم بە دوای تۆوە

کەی لەسەر زەوی ( هایوو هوو) بووە

ئەگەر تۆ نەبەسترابیتەوە بە ( هایوو هووەوە) ؟!!

شەمس: گەنجینەکانی ( إنا فتحنا) بکەرەوە

نهێنی گیانی (مصطفی) ش دەرخەرەوە

چونکە نزای ئەویندارارن وەڵامدراوەیە

**ئەی نزاکەر پاڕانەوەکانت لە دەرگای خوا ئامادە کەرەوە**

**لەبەر ئەوە  تامی شیرینیەکەی ئەوم کرد لە نێو دەممەوە**

**کاتێ کە دیدەنی ئەوم کرد چاوەکانیشم ڕۆشن بوونەوە**

**هەرگیز خەیاڵ ناکەم لە هەنگاوەکانم بەرەو ماڵ لەکاتی گەڕانەوە**

**پێ کانیشم هەرگیز نا لەرزن، تاوەکوو بەکوێرایی هەنگاونەنێمەوە**

************************************

ئیتر دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر دیدارەکەی مەولاناو شەمش، مەولانا وازی لەو ژیانە هێنا کە پێشتر لەسەری بوو، چ لە وانە وتنەوە وە چ لە فەتوادان، چونکە هۆگری خۆشەویستیەکی بێ ئەندازەی خوایی گرفتاری دڵی مەولانا بوو، ئیتر قوتابی و موریدەکانی هەستیان بەو حاڵەی مەولانا نە ئەکردو لۆمەی شەمسیان ئەکرد کەوا ئەو هۆکارە لەوەی کە مامۆستاکەیان ئەم وەزعەی بەسەر هاتووە، هەتا وای لێ هات حەزی بەوە نە ئەکرد قوتابیەکانیش ببینێت، لە شوێنی وانە وتنەوەکەی دائەنیشت و بۆ ئەو کەسەی کە حەزی بە دیداری مەولانا ئەکرد، ئەویش پرسیاری لێ ئەکرد، بە چ شتێك هاتوویتە لام تاوەکوو لێتی وەربگرم و منیش لە بەرامبەریدا شتێکی پێ بدەم. ئەگێڕنەوە ڕۆژێکیان پیاوێك لێی تووڕەبوو داوای چاوپێ کەوتنی کرد، ئەمجارە کابرا پرسیاری لە مەولانا کرد، تۆ بە چ شتێکەوە هاتوویت؟ مەولاناش فەرمووی: بە نەفسی خۆمەوە هاتووم تاوەکوو سەرم لە پێناویدا بەخت کەم.

لەو کاتەوەی کە شەمس الدین هاتووەتە شاری قۆنیە ئاژەوە لە نێو قوتابی و خەڵکەکە بەرپا بوو، لە ئەنجامی ئەوەوە قوتابیان و خەڵکەکە ڕقیان لە شەمس ئەبۆوە. ئەو یان بە جادوگەرو ساحر لە قەڵەم ئەدا بەوەی کەوا سیحری لە مەولانا کردووە، مەولانانەیان لەوان کردووە. ئیتر ئەمان بێ خەبەر بوون لەوەی کە حاڵی ڕۆحی مەولانا

لەبەر ئەوینی خوایی و ئەوینی ڕۆحی شیرینی شەمسەکەی ئەوی وا پەرێشان و قەلەندەر کردووە. بۆیە ئەوانیش رقایەتی خۆیان دەربڕی بەرامبەر شەمس و ئارامیان لێ بڕاو جوێنی پیسیان پێ ئەدا، وە زۆریش تینوو بوون لەوەی کە بیکوژن و لەناوی بەین تاوەکوو مامۆستاکەیان لەو حاڵە ڕزگاری بێت.

## پوختەی دەرچوونی شەمس لە شاری قۆنیە:

شەمس لە پڕێکا مەولانای جێ هێشت و ئیتر مەولاناش حاڵی زۆر پەرێشان بوو بەو ڕۆیشتنەی، هەواڵی ئەپرسی لە خەڵك کەوا چۆتە کوێ، ڕۆژێکیان مەولانا هەواڵێکی پێ گەیشت کەوا شەمس چۆتە شام، هەر بۆیەش دەست بەجێ چوار نامەی شیعری بۆ نووسی و دای بە کوڕەکەی خۆی کە ناوی سوڵتان وەلەد بوو. ئیتر کوڕەکەی سەفەری شامی کردو شەمسی دۆزیەوە، وە توانی شەمس ڕازی بکات کە بیگەڕێنێتەوە بۆ شاری قۆنیە. بەڵێ ڕوویان لە شاری قۆنیە کرد، وە لەگەڵ نزیك بوونەوەیان لە شاری قۆنیە سوڵتان وەلەد هەواڵی موژدەی نارد بۆ مەولانا کەوا شەمس بەڕێگاوەیە بۆ قۆنیە. ئیتر کە ئەم هەواڵە خۆشەیان بە مەولانا گەیاند ئەمیش لە خۆشیان دەست بەجێ جوببەو عەمامەکەی دا بە کەسە موژدەهێنەرەکە. ئیتر خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ پێشوازی کردن لە شەمس، بەڵاّم زۆری نە خایاند دووبارە دەستیان بە دوژمنایەتی کردنی شەمس کردەوە. بۆیە شەمسیش خۆی پێ ڕانەگیراو شیکایەتی حاڵی خۆی لای سوڵتان وەلەد کرد، ئایا نابینی ئەو خەڵکە ئەیانەوێ من دوورخەنەوە لە مەولانەم، ئەیانەوێ دوای دابڕانم دابنیشن و دڵ شادو کەیف خۆش بن، لەمەودوا ئەڕۆم بەلاّم ئەمجارە بۆشوێنێك ئەڕۆم کە هیچ کەسێك بە شوێنم نەزانێت، وە لە مەودوا ساڵانێکیش تێئەپەڕێ هیچ کەسێك من نادۆزێتەوە هەتاوەکوو ئەڵێن: یەکێك لە دوژمنەکانی ئەویان کوشت. شەمس ئەم وتانەی دووبارە ئەکردنەوە هەتاوەکوو ڕۆژێکیان لە ناکاو ونبوو، وە گوتراوە لەساڵی ٦٤٥ یاخود ٦٤٤هیجیری لە شاری خوی سەر بە وڵاتی فارس لەسەر دەستی چەند کەسانێکی ناحەز کوژراوە، وە مەزاری پیرۆزیشی هەر لەو

شارەیە، وە لە لایەن ڕێکخراوی یونیسکۆوە گۆڕەکەی وەك شوێنەوارێکی جیهانی ناسێنراوە.

بەهۆی ئەو شەیداییەی کە مەولانا بۆ شەمسی هەبوو ئەگێڕنەوە ڕۆژێکیان پیاوێك هەواڵی بە مەولانا دا کەوا شەمسی بینیوە، جا مەولاناش لە خۆشیان جوببەو عەمامەو عەباکەی دا بەو کەسە، خەڵکانێکیش لەوێ بوون بە مەولانایان گوت: ئەم پیاوە درۆ ئەکات، ئەی بۆچی ئەم هەموو شتەت لەبەرەخۆت داکەند؟ مەولاناش فەرمووی: ئەم هەموو شتەم دا بەو کەسە لەبەر درۆکەی، ئەگەر بێت و ڕاستی کردبایە ڕۆحی خۆشم ئەدا پێی.

## ئایا کامەیان شەیخ بووەو وە کامەشیان مورید بووە؟

دکتۆر محمد سەعید جمال الدین ئەفەرمووێ: وەڵاّمی ئەو پرسیارە پەیوەستە بەسەرچاوەی بنەڕەتیەکەوە کە مەولانا لەو تێکۆشانانەی کە کردوویەتی بۆ ڕاگەیاندی ڕوونکردنەوەی ئەو عیشقە، کە شەیخ و مورید تێیدا هاوبەشن یەك بەیەك کە ئەبنە یەك پیاو لە دوای ئەوەی کە یەك ڕێگایان گرتووەتە بەر، کە هەردووکیان یەك ئامانج و ئاڕاستەیان هەیە، کە شەیخ ئەبێتە مورید وە موریدیش ئەبێتە شێخ، یاخود هەردووکیان ئەبنە یەك کەس لە دوای ئەوەی کە ویست و ئامانجیان یەك ئەگرێت.

## مەنهەجی مەولانا لە بواری پەروەردەکردن:

مەولانا لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە، کە سەردەمێك بووە ڕۆشنبیری ئیسلامی ڕووی لە زانستە عەقڵیەکان کردبوو بە تایبەتی فەلسەفەی ئیغریقیەکان، کە هۆکارێك بوون لە دووربوونەوەی خەڵك لە سەرچاوەی زولاڵی مرۆڤایەتی کە ئەویش ڕۆحی ئیسلام بوو لە دیدو ڕوانگەی تەصەوفی ئیسلامی ڕەسەنەوە. هەر بۆیەش خەڵکی

زۆر ئامۆژگاری ئەکرد بەوەی کە واز لە دونیا پەرستی بهێنن و خەریکی خواپەرستی بن دوای ئەوەی کە کاروبارە دونیاییەکانتان جێ بەجێ کرد.

وە مەولانا بە تێڕووانینێکی نوێوە خەڵکی بۆ خۆشەویستی و عیشق بانگ کرد، وە خەڵکی بۆ ئەوە بانگ کرد کەوا مرۆڤ خەلقەندەیەکی ئەوەندە مەزنە ئیتر هەر کەسێك بیەوێ ئەو مرۆڤە بشکێنێت ئەوە وەکوو ئەوە وایە گشت مرۆڤایەتی شکاندووە. لە مەنهەجی مەولانادا ئەوە بەدی ئەکرێ کەوا مرۆڤ ئازادە لە تێڕووانینی فیکریا. وە لە مرۆڤ بوونێتیدا ئاوێنەیەکی گەشاوە هەیە بۆ درەوشانەوەی سیفاتی خۆشەویستی خوایی، وە پێچەوانەکردنەوەشی لەو مرۆڤەدا سەرچاوەی گەشانەوەو شارستانێتیە. وە لە مەنهەجی مەولانادا ئەوە بەدی ئەکرێ بیر توندی و بیر تەسکی شتێکە زوو ئەپووکێتەوەو گشت خەڵکانیش ڕقیان لێ ئەبێتەوە، وە ئەبێتە سەرچاوەی کاولکاری و پێشێل کردنی مرۆڤ بوون. وە ئەگەر بێت و ئاسۆکانی مرۆڤ فراوان بوون و مەودایەکی فراوانتری بینی لە سۆنگەی عیشقەوە ئەم کاتە دەریای میهرەبانی و خۆشەویستی خواییمان بە هەورو تریشقەی عەقڵ ودڵەوە باراندووە بەسەر مرڤایەتیدا، چونکە مرۆڤ لە ڕۆح و جەستە ماددیەکەی پێك هاتووە، هەر کامێکیان سڕ بکرێت ئەوە کورتبینی و بەزایەدان و سنوور تێ پەڕاند ڕوو ئەدات، هەر وەك ئاماژەمان پێ دا لەسەرەتا کە مەولانا گشت زانستە عەقڵی و نەقڵیەکانی خوێند، بەلاّم دڵ و ڕۆحی مەولانا هێشتان تێراو نەبوون بەو زانستانە بۆ ناسینی خۆشەویستی خوایی، هەر بۆیە ڕێگەی بە دەستهێنانی زانستە دڵیەکانیشی دا، وە تیایدا بووە مەلەوان زانێکی کارامە لەو زانستانە. بەلاّم مەولاناو شەمس هەر دووکیان ڕقیان لەفەلسەفە ئەبۆوە، چونکە لەبابەتە ئیلاهیەکان کۆمەڵە باسێکە لە ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵی عەقڵەوە پێککهێنراوەو لەسەرەنجامدا کردوویانە بەزانستێك پێیان وتووە زانستە کەلامیەکان. بەلاّم پێش مەولانا ئیمامی غەزالی ئەو شتانەی ڕاستکردەوە کە تێکەڵی ئەو زانستە

کرابوون و وەریان گرتبوو لە فەیلەسووفە یۆنانیەکان. هەر بۆیەش لە کتێبی (تهافت الفلاسفە)دا ئەمانەی بەڕاشکاوی خستووەتە بەر دیدی خوێنەران. بەڵام دڵی مەولانا بەو زانستەش تێراو نەبوو هەر بۆیە ڕووی لە زانستی دڵ کرد بۆ ناسینی خوا، بە پشت بەستن بە قورئان و سوننەی پیرۆزەوە.

ئیتر مەولانا ئەیویست خەڵکی لە زەڵکاوی ئارەزووە دونیاییەکانەوە دەر بێنێ بیان خاتە نێو زانستە ڕۆحیەکان، وە نەوەیەك پەروەردە بکات نەوەیەکی قورئانی محمدی کە قوتابخانەکەیان پڕ بێ لە خۆشەویستی، چونکە لە دیدگای مەولاناەوە گشت مرۆڤایەتی کەون و کائنات هەمووی لە مەودای عیشقەوە ئەخولێنەوە وە هەمووشیان بەدەنگێکی زوڵاڵی مرۆڤ بوونێتی ئاوازی عیشقی خوایی لەم گەردوونەدا لە ڕۆح و دەمەکانیان دەرئەچێ و گشت گەردوونی گرتووەتەوە.

## تەڕیقەی مەولەوی:

ئەم تەڕیقەیە لەسەر دەستی مەولانای ڕۆمی دامەزراوە، کە بە ئاوازو مۆسیقا لە ڕێی ئالەتی نەیەوە ناوبانگی دەرکردووە، کە پێیان وایە ئەمە ڕێگایەکە بۆ ڕاکێشانی دڵ و ڕۆح بۆ خۆشەویستی خوایی، هەروەکوو مەولانا لەم غەزەلەیدا حاڵی نەیمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە.

## ئەنینی نەی

**ئەزیزەکەم گوێڕادێرە بۆ دەنگی نەی**

**وا باسی چیرۆکی خۆی ئەکا.**

**لەبەر ئازاری جیابوونەوەی، شکایەتی حاڵی خۆی ئەکا.**

**لەو ڕۆژەوەی کە دابڕاوم لە دارستان،**

پیاوان و ئافرەتان بۆ ئەنینم داویانەتە پڕمەی شین و گریان.

ئەمەوێ شتێک بخوێنم، چونکە جیابوونەوە پارچە پارچەی کردووە.

تاوەکوو ئازاری تاسەمەندی پێ ببەخشمەوە

لەبەر ئەوەی گشت شتێک گەر دابڕا لە بنەڕەتی خۆی،

بەردەوام ئەخوێنێ بۆ کاتی ویصاڵی خۆی.

ئا بەم شێوە وەک هونەرمەندێک دەرکەوتم لە ئاهەنگەکان،

تا بۆ خۆشبەختەکان بخوێنم و ناڵەش بکەم بۆ بێ هیواکان.

ئیتر هەموو کەسێک وا ئەزانێ من لە هاوەڵایەتی ئەودام،

بەڵام هەر یەکێک لەوان نەیان توانی لە ڕاستی من بگەن

لەوەی کە من تیایدام.

بۆیە هەرگیز نهێنیم دوور نەبووە لە ناڵەکانم،

بەڵام کوا گوێچکە هۆشیارەکان،

کوا چاوێکی دوور بین؟

چونکە لاشە تێکەڵە بە ڕۆح،

وە ڕۆحیش تێکەڵە بە لاشە.

بەڵام کوا بۆ ئەو مرۆڤەی کە ئەو ڕۆحە ئەبینێ؟

ئەنینی نەی ئاگرێکی بێ هەوایە....

گەر لە دڵی ئەو کەسەدا سوتان نەبێ، ئەم ئاگرەشی هەرگیز نابێ.

ئاگری نەی وێنەی ئارەقە، وە گەرمی عیشقە،

ئا بەم شێوەیە ئاوازە جەرگ بڕەکانی،

کە پەردەکانی بەردەم چاوەکانمان ئەبڕێ.

ئیتر هەر کەسێک بەو شێوەیە ( نەی ) بینی

کەوا ژەهرو دەرمانە،

هەبوو ئەوی بینی کە دۆستێکی موشتاقە.

نەی چیرۆکی ئەو ڕێگایەمان بۆ باس ئەکا،

کەوا بە خوێن سوور کراوە.

وە گوفتاری ئەوینی شێتەکانیشمان بۆ ئەگێڕێتەوە.

سا حیکمەتیش لەو گێڕانەوەیە،

قەدەغەکراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لێی تێ ناگەن،

چونکە غەیری گوێچکە هۆشیارەکان،

هیچ کەسێک گوفتاری شیرین ناکڕێ.

********************

ئەم تەڕیقەتی مەولەوییە لەکاتی زیکردنیاندا بە دەوری خۆیاندا ئەخولێنەوە وەك بڵێی لەگەڵ هەموو گەردوونا ئەخولێنەوە، وە ئالەتی نەیش لیٚ ئەدەن و ڕەقس و سەما ئەکەن و ئەکەونە حاڵەتی مەستی و سەرخۆشیەوە لە عیشق و خۆشەویستی خواییدا.

ئەم تەڕیقەتە کاریگەری زۆری هەبوو لە پەروەردەکردنی خەڵك، چونکە بەوە ناسراوە کە پڕۆگرام و مەنهەجێکی ئاشتیانەو میانەی پێکەوە ژیانی لە خۆگرتووە لەگەڵ گشت مرۆڤایەتیدا، وە دوور لە هەموو توندو تیژییەکی خۆسەپێن و مرۆڤ کوشتنە، ئەمەش زۆر پێویستە بۆئێستاکەمان. جا کاتی خۆی کە مصطفى کەمال ئەتاتورك ڕێڕەوی دەسەلاٚتیان گرتە دەست لە ساڵی ١٩٢٤زاینیدا هەرچی تەکیەو خانەقای تەڕیقەتی مەولەوی و تەڕیقەتەکانی تر هەبوو گشتی وێران کردو خەڵکەکانی یان کوشت یانیش لە گرتووخانەکاندا زیندانی کردن. چونکە بە بۆنەی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانی نەقشەبەندیەوە کە لە دژی کوفرو ستەمی ئەتاتۆرك جیهادیان ڕاگەیاند، ئیتر زۆری نەخایاند بەدیل گیران و لە ٢٠ ئایاری ساڵی ١٩٢٥زایینی گشتیان لە سێدارە دران.

## کتێبەکانی

مەولانای ڕۆمی چەند کتێبێکی بۆ بەجیٚ هێشتین، لە شیعر و غەزەل و ئامۆژگاری و فەلسەفەو پەروەردەی ڕۆحی ئیسلامی کە بە تەصەوف بەناوبانگە، لەوانە "دیوانی شەمس الدینی تەبریزی" کە نزیکەی هەزار بەیتە شیعر لە خۆ ئەگریٚ، ئەمەی لە کاتی یادگارییەکانی خۆی نوسیوە بە هۆی ئەو کاریگەرە زۆرەی کە شەمس لەسەری هەبووە. وە کتێبی"چوارینەکان" کە ژمارەیان ئەگاتە ١٩٥٩ چوارینە. وە کتێبی "مەسنەوی" کە بە مەسنەوی مەولەوی بە ناوبانگە، ئەم کتێبە نایابە بە زمانی فارسی نوسیویەتی کە نزیکەی ٢٦٠٠٠هەزار بەیتە شیعر ئەبێت، ئەم مەسنەویە کراوەتەوە کوردی لە لایەن مامۆستا عبد السلامی مودەڕیسی خانی، کە لە

دووربەرگی گەورەدا خۆی ئەبینێتەوە. وە هەروەها بە زمانی تورکی و عەرەبیش شەرح کراوە، وە تاوەکوو ئێستاکەش وەرگێڕدراوەتەوە بۆ چەندین زمانی ئەو ڕووپی و ئینگلیزی. وە هەروەها کتێبی "فیە ما فیە" کە کۆمەڵە باسێکی تەصەوف و ئامۆژگاری و فەلسەفیە کە کاتی خۆی مەولانا لە کاتی وانە وتنەوەکانا فەرموویەتی، ئیتر دوای وەفاتیشی قوتابیەکانی گشتیان کۆکردەوەو ئەم ناوەیان لێنا. وە کتێبی"مەکاتیب" کە کۆمەڵە پەیامێکە بۆ ناسیاو موریدەکانی خۆی کە کاتی خۆی نوسیویەتی. وە کتێبی"مجالس السبعة" ئەمەشیان هەر بریتیە لە کۆمەڵە ئامۆژگارییەك.

## وەفاتی

مەولانای ڕۆمی بەهۆی نەخۆشی تاو لەرزەوە هەر لەشاری قۆنیەدا وەفاتی کرد لە ساڵی ٦٧٢هیجری کە بەرامبەر ١٧کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢٧٣زاینیە، وە مەزاری پیرۆزیشی تا ئێستاکەش بە گوێرەی سەردەمەکان هەر شوێنی سەردان کردنی خەڵك بووە.

# چل ڕێساکەی عیشق

## مەولاناو شەمس

## (ڕێسای یەکەمی عیشق)

**ئەو ڕێگایەی کەوا پەروەردگاری تیادا ئەبینین، هیچ نیە مەگەر پێچەوانکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕێگایەی کەوا خۆمانی تیادا ببینین.**

**جا ئەگەر پەروەردگار نەبوو، ئەو کاتە ژیریمان بێجگە لە ترس و سەرزەنشتی کردن شتێکی تر بۆ خۆی ڕاناکێشێت، ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کەوا ئەندازەیەکی گەورە لە ترس و سەرزەنشتی کردن لە ناوەوەی خۆماندا هەڵبقوڵێ، بەڵام ئەگەر پەروەردگارمان بە پڕایی سۆزو خۆشەویستیەوە بینی ئەو کاتە ئێمەش وا ئەبین.**

## ڕوونکردنەوە:

---

بۆ نموونە گەر تۆ ئاوێنەیەکت لە دەست بێت بە ڕێگاشەوە بیت، ئیتر بە ئەندازەی جوانی و پاکی ئاوێنەکەت تۆ شتەکانی دەورو بەری ئەو ڕێگایە ئەبینیت، جا ئەگەر پیس و ناڕوون بوو ئەو کاتە بەناشیرینی شتەکان ئەبینی. ئیتر تۆش ئاوێنەیەکی جوانی بۆ دەرکەوتنی جوانی پەروەردگارت لە دڵ و دەروونتدا. چۆن لێی بڕوانیت ئەویش بەو جۆرەیە لەگەڵت. جا ئەگەر پەروەردگارت بەخۆشەویستیەوە ناسی تۆ گیانت پڕ لەخۆشەویستی ئەبێت، وە ئەگەر هەر بەسەرزەنشتکەر ئەوت ناسی ئیتر تۆش تەنیا کەسێکی لۆمەکار دەرئەچیت بۆ دەوروبەرت، وە ئەگەر هەر نەشتناسی ئەو کاتە تۆ لاشەیەکی بێ گیانی.

## (ڕێسای دووەمی عیشق)

**بێگومان ڕێگا بەرەو حەقیقەت لە دڵەوە ئەڕوات نەک لە سەرەوە. جا وابکە کەوا دڵت ڕێگە نیشاندەرت بێت نەک ژیریت. ڕووبەڕووش ببەوەو کێ برکێ کە، لە کۆتاییدا بەسەر دەروونتدا زاڵ ئەبیت بەهۆی دڵتەوە. بێگومان ناسینی دەروونی خۆت تۆ ئەبات بەرەو ناسینی خوای مەزن.**

## ڕوونکردنەوە:

---

دڵ کانگای ناسینە بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان، چونکە بەڵگەی بینینی دڵ وا لە مرۆڤ ئەکات کەوا دەست بەجێ ملکەچ بێت، بەڵام هەرچی بەڵگەی ژیرییە ئەکرێ گومان دروست بکات و نەگاتە پلەی یەقین. سا بەبەڵگەی قەلبی تۆ بەرەو حەقیقەت ئەڕۆی، ئەمەش بەمەرجێك ئەبێت تێکۆشان بکەی بەرامبەر دەروونی بەدخوازت.

## (ڕێسای سێ یەمی عیشق)

**هەموو قورئان خوێنەک بە ئاستێکی جیاواز لە قورئان تێ ئەگات، ئەمەش بەگوێرەی قووڵی تێگەیشتنەکەی. وە لێرەدا چوار ئاست هەیە بۆ بەرچاو ڕوونی:**

**١_ ئاستی یەکەم لە واتای دەرەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە بریتیە لەو واتایەی کە زۆربەی خەلکی پێی ڕازینەو قبوڵیانە.**

**٢_ ئینجا ئاستی ناوەوە دێت.**

**٣_ وە لە ئاستی سێ یەمیشدا ناوەوەی ناوەوە دێت.**

**٤_ بەڵام ئاستی چوارەم ئەمەیان قووڵە بە ووشەکان شیکارو شیتەڵ ناکرێن، هەر بۆیەش وەصف ناکرێن.**

## ڕوونکردنەوە:

---

ئاستی یەکەم ئەوە بۆ خەڵکی گشتیە بە تێکڕایی. بەلاّم ئاستی ناوەوە ئەوە بۆ زاناکانە. ئاستی سێیەمیش بۆ زانا خواناسە عاریف و زاهید و دونیا نەویستەکانە. ئاستی چوارەمیش کە کۆتا ئاستە تەنیا سەرسامیە لە ئاستی تێگەیشتنی مەگەر خوای گەورە پەردەی نهێنی لابەرێت بۆ سەیرکردنی واتا ڕاستەقینەکەی. ئەی نەت بیستووە پێغەمبەرمان _ صلی الله علیه وسلم، (لە ناو نوێژ بوو قورئانی ئەخوێند خوای گەورە بەهەشتی پێ نیشاندا، جا حەزرەتیش ویستی دەستی بۆ هێشووە ترێی بەهەشت ببات) ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، وە هەیسەمیش ئەفەرمووێ: ئەو پیاوانەی کە فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە پیاوانێکی صەحیحن.، ئەمەش گەورەترین ئاستە بۆ تێگەیشتن لە واتای قورئان.

## (ڕێسای چوارەمی عیشق)

**ئەکرێ لە خوای گەورە بکۆڵیتەوە لە بوونی هەموو شتێکدا، وە لە بوونی هەموو کەسێک لەم گەردوونەدا، لەبەر ئەوەی بوونی خوای گەورە دەورە نەدراوە تەنیا لە مزگەوت، یاخود لە کڵێسا و کنێست. ئەگەر تۆ هەر بەردەوام بی لەسەر ئەوەی کەوا بزانی عەرشەکەی ئەکەوێتە کوێ بە دیاری کراوی، تەنیا شوێنێک هەیە کە ئەتوانی تیایدا بە دوای بگەڕێی ئەویش: دڵی ئەویندارێکی ڕاستەقینەیە، چونکە هیچ کەسێک لە دوای بینینیەوە ناژیێ، وە هیچ کە سێکیش لە دوای بینینیەوە نامرێ، جا هەر کەسێکیش ئەوی دۆزییەوە ئەوە لەگەڵ ئەودا تا هەتایی ئەمێنێتەوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

کنێست: شوێنی پەرستگای یەهودیەکانە.

خۆشەویستان گرینگی تێڕامانمان بۆ بەدیار کەوت لەم ڕێسا مەزنەدا، کەوا مرۆڤ بیر لەگەردوون و دەورو بەری خۆی بکاتەوە تاوەکوو خوای گەورە بەحەق بناسێ. چونکە ناسینی خوای گەورە سنووردار نیە تەنیا لە پەرستگاکان. بۆیە کاتێکیش مرۆڤ ئەوی ناسی ئیتر ئەو دڵە بۆی شەیدا ئەبێت، وە ئەبێتە خواناسێکی ڕاستەقینە. بۆیە دوای ئەو ناسینە ئیتر ئەو مرۆڤە ئەژێ و نامرێ، چونکە پەروەردگاری ناسیوە. خۆ زانراویشە کەوا پەروەرگار پاشای ئەزەلی و ئەبەدیە.

## (ڕێسای پێنجەمی عیشق)

بیر کردنەوەو خۆشەویستی لە چەند ماددەیەکی جیاواز پێک هاتووە، جا بیر کردنەوە مرۆڤ ئەبەستێت بە گرێیەکەوە، بەڵام خۆشەویستی هەموو گرێ کان ئەتوێنێتەوە. بێگومان بیر کردنەوە وەک ئامۆژگاری کەرێک بەردەوام ئاگاداری ئەدات و ئەڵێ: زۆر ئاگاداری سەرەتای مەستی و سەرخۆشی بوون بە. کەچی خۆشەویستی ئەڵێ: گرینگی پێ مەدە، بۆ خۆت پێشکەوە لەسەر ئەم سەرەڕۆییە. ئا لەم کاتەدا ناکرێ بیر کردنەوە وا بەئاسانی بەرەو نەمان و پوکانەوە بڕوات، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی بە ئاسانی ئەڕووخێ، وە هەر بۆ خۆی ئەبێتە شتێکی کەڵەکە بوو کۆکراوە بەسەر یەکتریدا. بەڵام گەنجینەکان شاردراونەتەوە لە نێوان دارو بەردو پاشماوەی بینا ڕووخاوەکان، وە دڵی شکاویش گەنجینەکانی لە خۆیدا حەشارداوە.

### ڕوونکردنەوە:

---

مەبەستی شەمس ئەوەیە: کەوا بیرکردنەوە شتێکە وە خۆشەویستیش شتێکی ترە، گەر بەبێ بیرکردنەوە گرفتاری خۆشەویستی بوویت ئەوە بەسەر گشت ئاڵۆزی و گرێ کانی بیرکردنەوە زاڵ ئەبێت، چونکە بوار نادات بیری لێ بکاتەوە. بۆیە یەکێك لە شتە خراپەکانی خۆشەویستی ئەوەیە کەوا ڕێگرە لە بیرکردنەوە. چونکە بیرکردنەوە وەکوو مامۆستایەکی ئامۆژگارکەر وایە، بەڵام خۆشەویستی پێی ئەڵێ بەردەوامبە لەسەر ئەو حەزو ئارەزووانەت. بۆیە ئەو کەسەی کە ئەیەوێ خۆشەویستی بکات ئەبێ لە پێشدا دەرگاکانی بیرکردنەوەی بخاتە سەر پشت ئینجا لەگەڵ خۆشەویستیدا تێکەڵیان بکات تاوەکوو گەنجینە شاراوەکانی دڵ بەدیار کەوێت، چونکە گەنجینەکان لە ژێر زەوین، وە گەنجینەکانی خۆشەویستی و بیرکردنەوەش بێگومان شارەوەن لە دڵ و مێشکی مرۆڤدا.

## (ڕێسای شەشەمی عیشق)

**هەڵقوڵانی زۆربەی کێشەکانی دونیا ئەوە بەهۆی هەڵەکانی زمانەوانی و لێک تێنەگەیشتنێکی سووک و ئاسان سەرچاوەیان لە خۆ گرتووە. ئیتر تۆش هەرگیز ووشەکان بە مانایەکی دیارو ڕووکەشی وەرمەگرە، چونکە ئەو کاتەی کە ئەچیتە نێو بازنەی خۆشەویستیەوە ئەوە ئەبێتە ئەو زمانەی کەوا ئەیناسین، وە زەمانەش چاوپۆشی لێ کردووە. جا شتێک کە ناکرێ بە ووتەکان لێکبدرێتەوە ئەوە ناشکرێ پەی پێ ببردرێ مەگەر بەبێ دەنگی نەبێ.**

## ڕوونکردنەوە:

---

مەبەستی شەمس لەو ڕێسا مەزنەدا ئەوەیە: کەوا لە وا قیعدا ئەبینین کە چ نەهامەتیەك ڕووی لەو خەڵکە کردووە بە هۆی لێك تێ نەگەیشتنێکی سووك و ئاسان. وە بەهۆی ڕق لێ بوونەوەمان لە یەکتری وای کردووە کە شتەکان بەردەوام بە پێچەوانەوە بیخوێنینەوە. ئیتر گەر خۆشەویستیمان ئاوێتەی وتەو گوفتارەکان کرد ئەوە ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی فەراهەم دێت. بۆیە پەلە مەکەن لە خراپ خوێندنەوەی وتەو گوفتاری خەڵك، چونکە گەر ناتوانن لێیان تێ بگەن ئەوە خۆشتانی لێ بێ دەنگ بکەن.

## (ڕێسای حەوتەمی عیشق)

**تەنیایی و گۆشەگیری دوو شتی لێک جیان. جا ئەو کاتەی کە بەتەنیا ئەبی ئاسانە خۆت هەڵبخەڵەتێنی، وە خەیاڵت بۆ بکات کەوا تۆ کەسێکی لەسەر ڕێگایەکی ڕاست ئەڕۆیت. بەڵام هەرچی گۆشەگیرییە بۆ ئێمە چاکترینە، چونکە مانای وایە کە تۆ بەتەنیایت بێ ئەوەش هەست بەوە بکەی کە بەتەنیای، بەڵام لە کۆتایی کارەکەدا چاکترە بۆ تۆ بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت، کە کەسێک بێت لە بری ئاوێنەیەک بێ بۆ تۆ تا خۆتی تیادا ببینی. ئیتر بیرکەرەوە تۆ ناتوانی خۆت بەڕاستی ببینی، مەگەر لە دڵی کەسێکی تردا نەبێ، وە لەگەڵ هەبوونی خوای گەورەش لە ناوەوەی خۆتدا.**

## ڕوونکردنەوە:

---

مەبەستی شەمس لەو ڕێسا مەزنەدا ئەوەیە کەوا خودی تەنیایی شتێکە گۆشەگیری و خەڵوەت شتێکی ترە. تەنیایی بۆ کەسێکە کە نەیان توانیوە هاو ژینێکیان هەبێت تاوەکوو ئەو دڵبەرەیان بۆیان ببێتە ئاوێنە بۆیان. بەڵام گۆشەگیری مەرج نیە تەنیا بێت شتێکە زیاتر بۆ ئەوینداران درووست ئەبێ تاوەکوو ڕۆحیان بڕەك ئارام بگرێت لە جەنجاڵی دونیا. هەر بۆیەش مەولانا پێمان ئەڵێ کە بەدوای کەسێکدا بگەڕێن کە ببێتە ئاوێنە بۆتان، بەڵام ئەو گەڕانەش ئەبێ بە ڕێگایەکی درووستی شەرعی پیرۆزبێت کە ئەویش زەواج کردن و دۆزینەوەی مامۆستاو ڕابەرێکی ڕۆحی بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنە بۆت. بۆیە خۆشەویستەکەم گەر ئەتەوێ خۆت بەتەواوی ببینی کە فەلسەفەی تۆ چیە لەژیان ئەوە خوای گەورە لەدڵتدا بناسە بەتەواوی، وە ئەو ئاوێنانەش بە هەند وەرگرە لە ژیانی خۆتدا.

## (ڕێسای هەشتەمی عیشق)

**گەر هەر چەند شت گەلێک لە ژیانتدا ڕوویاندا، وە هەر چەندیش شتانێکی بێزارکەر دەرکەوتن، ئەوە مەچۆڕە نێو بازنەی بێ هیواییەوە، ئەگەر چی با هەموو دەرگاکانیش بە داخراوەیی مابێتەوە، چونکە خوای گەورە ڕێگایەکی نوێت بەسەردا ئەکاتەوە، بۆیە سوپاسی خوا بکە. لەسەریشت ئاسانە کەوا سوپاسی خوا بکەیت لەو کاتەی کە هەموو شتەکان وەک خۆی ئەبینرێت. جا کەسێکی صۆفی سوپاسی خوا ناکات لەسەر ئەوەی کەوا شتی پێ بەخشیوە، بەڵکوو سوپاسی ئەکات لەسەر هەموو ئەو شتانەش کە لەسەری قەدەغە کردووە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کەوا هەرگیزاو هەرگیز نائومێد نەبین لە ژیان چونکە ئەوەی تۆی درووست کردووە دڵنیابە دەرگایەکەت هەر بۆ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی بە هیواکانت بگەی، چونکە گەورەترین پلەی ئیمان و ورەبەرزی هی کەسێکە جا صۆفی بێ یا لە ژێر هەر ناوێکا بێ کەوا سوپاس گوزاری خوابێ لەسەر ئەو شتانەش کە لێی قەدەغەکردووە چ جا ئەوەی کە پێی نەبەخشیوە، هەر بۆیە دەروونت ئەرخەیان و ئاسوودە کە، وە بەردەوامیش سوپاسی خوای گەورە بکە.

## (ڕێسای نۆیەمی عیشق)

**ئارام گرتن مانای ئەوە ناگەیێنێ کەوا هەڵگری بارگرانیەکان بیت، بەڵکوو ئەوە ئەگەیێنێ کەوا دوور بین بیت بەو شێوەیەی کە متمانەت بە سەرەنجامەکەی کۆتایی هەبێت بۆ هەر کارێک کە ئەتەوێت بە ئەنجامی بگەیێنی. ئارام گرتن مانای چی ئەگەیێنێ؟ واتە سەیری درِک بکەیت گوڵ ببینی، وە سەیری شەو بکەی بەیانی ببینی. بەڵام نەبوونی ئارام گرتن مانای وایە کەوا تۆ کورت بینی، وە توانای بینینی سەرەنجامەکەیت نیە. بێگومان عاشیقانی خوای گەورە ئارام گرتنیان بەرِەهایی لەناو ناچێت، لەبەر ئەوەی ئەزانن بۆ ئەوەی ببێتە مانگی چواردەشەو ئەوە پێویستی بەکات هەیە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا دووربینی زۆر گرینگە بۆ ژیانمان تاوەکوو حیکمەتی ئارامگرتنمان لە کۆتاییەکەی بۆ بەدیار کەوێت. وە کورتبینیش یەکێکە لەو هۆکارە نەرێیانەی کە تووشی دەروونی مرۆڤ ئەبێت، کە وا ئەکات ئەو مرۆڤە دەست لەخۆی بەربدات و بێ ئومێد بێ لەو شتانەی کە بەدەستی نەهێناوە. بێگومان هیچ کەسێکیش ناگاتە لوتکەی ئارامگرتن جگە لە ئەویندارە ڕاستەقینەکانی ڕێگای خوا نەبێت. ئیتر با هەوڵدەین بەتایبەتی بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە کەوا بێ هیوا نەبین و بە ئاسۆیەکی گەش و فراوان سەیری ئێستاو داهاتوو بکەین.

## (ڕێسای دەیەمی عیشق)

**جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وە باکوورو باشوور نیە، ئەگەرچی هەر لایەکیش ئاڕاستەی تۆ بێ. پێویستە کەوا ئەو گەشتەی بۆی ئەکەی گەشتی ناوەوەی خۆت بێ. جا ئەگەر لە ناوەوەی خۆتدا گەشتت کرد، ئەوە لەمەودوا ئەتوانی ئەم جیهانە دوورەو وە ئەوەی لە دواوەشیەتی بە ئاسانی پیایدا تێپەڕ ببیت.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ وەدەرکەوت کەوا ئەو گەشتە زەحمەت و ئازار بەخشەی کە مرۆڤ بە ڕووکەشی ئەیکات ناگاتە ئەو گەشتەی کە مرۆڤ لەناوەوەی خۆیدا ئەنجامی ئەدات. ئەمەش سەرەتا بەپەروەردەکردنی دەروونی بەدخواز ئەبێت، چونکە لە جیهانی مرۆڤدا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان عەقڵ + دڵ وە دڵ + عەقڵ، وە عەقڵ + نەفس، وە نەفس + عەقڵ، وە دڵ + نەفس، وە نەفس + دڵ، ئەوەی ماوە بەتەنیا ڕۆحە کە ئەویش بەتەنیا پەیوەندی لەگەڵ دڵ هەیە. ئەمانە گشتی ئەبن بەیەك بەبڕینی مەقاماتەکان لە جیهانی مرۆڤدا، بەپێی خاوێنی و پاکی ئەو کەسە. سا کێ لەهەمووان ئەم صافی و پاکیەی زۆر تر بێت ئەوە دڵی زوو تر ئەبێتەوەو ئەم پەیوەندیانەش گشتی ئەبن بەیەك کە ڕۆحە. کاتێکیش کە بووە ڕۆح ئیتر ئەویش بە دوو جۆر گەشت ئەکات: یەکێکیان بەحاڵەتی ڕۆح یان چاوی دائەخات یاخود دای ناخات، یاخود لەشە ماددیەکەی ئەگوازرێتەوە هەروەکوو چۆن کۆشکی بەلقیس گواستراوە بۆ حەزرەتی سولەیمان (علیه السلام). ئەمانەی وتمان بۆ هەموو کەسێ دەستەبەر نابێت تا بەهۆیەوە بگاتە ئەم پلەو مەقامە، بەلاّم نموونەش ئەوەندە زۆرە لەو بوارە لە مێژووی ئیسلامیدا ناتوانین درێژەی پێ بدەین چونکە ئێرە شوێنی باسیکردنیان نیە.

## (ڕێسای یانزەهەمی عیشق)

**کاتێ کە مامان ئەبینی ئافرەتی دووگیان لە کاتی ژانگرتندا ئازاری پێ ناگات، ئەو کات بۆی دەرئەکەوێ هێشتا ڕێگا بۆ کۆرپەکەی تەخت نەبووە، کەواتە هێشتا ماویەتی بۆ منالبوون. وە بۆ ئەوەی دەروونێکی تازە لە دایک ببێ پێویستە ئازار ببینی، هەر وەکوو چۆن گڵێکی وشک بۆ یەکتر گرتنی پێویستی بە پلەیەکی بەرز هەیە، خۆشەویستیش پێویستی بە هەمان شێوەیە کامڵ نابێ مەگەر بە ئازارەوە نەبێ.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ وەدەرکەوت کەوا مەحاڵە بەبێ ئازارو ناخۆشی تۆ بتوانی خۆت کامڵ بکەیت، چونکە ئەمە سوونەتێکی کەونیە خوای گەورە وای داناوە بۆ گەیشتن بە شتەکان. وە چوون بەرەو کامڵ بوون ئەبێ ئازارو مەینەتیەکان بچێژێ ئینجا بگەیتە نیازو مەبەستەکەی خۆت. وە هەروەها هەتا تێکۆشانیش دژی نەفس و ئارەزووەکانت نەکی ئەوە ناتوانی دەروونێکی نوێ درووست بکەیت. کەواتە تێکۆشان بۆ خۆشەویستی و پلەی کەماڵی خۆشەویستی لە ژان و سوتان و ناخۆشی و دەربەدەریە دەست پێ ئەکات هەتا ئەو چرکەساتەی کە بە خۆشەویستەکەی ئەگات.

## (ڕێسای دوانزەهەمی عیشق)

**تێکۆشان لە دوای خۆشەویستیەوە ئەمان گۆڕێ، وە هیچ کەسێ نیە کە تێکۆشابێ لە دوای خۆشەویستیەوە لە کاتی گەشتەکەیدا مەگەر بەرهەمی نەبووبێت. وە دەست بە گەشتی گەڕان لە دوای خۆشەویستیەوە ناکات، هەتاوەکوو دەست بە گۆڕانی ناوەوەو دەرەوەی خۆی ئەکات.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ وەدەرکەوت ئەگەر تۆ بتەوێ بە دوای خۆشەویستەکەتدا بگەڕێی لە سەرەتادا پێویستە پاڵفتەیەکی ژوورەوەو دەرەوەی خۆت بکەیت، بۆ ئەوەی چارەسەری هەر کەم و کۆڕیەك بکەی کە زیان بە سەفەرەکەت ئەگەیێنێ. بۆیە کاتێ کە خۆت ئامادە کرد ئیتر وادەی گەشتت هاتووە بۆ گەڕان بەدوای خۆشەویستەکەت. چونکە بێگومان ئەوانەی گەشتی خۆشەویستیان کردووە ئیتر لە دوای گەشتەکە تێکۆشاون بەرامبەر بە دەروونی خۆیان ئەوانە بەرهەمی ئەو خۆشەویستیەیان هەبووە. پوختەی وتە: ئەوەی بیەوێ بە خۆشەویستی خوا یاخود خۆشەویستی هەرشتێکی تر بگات ئەبێ تێکۆشان بکات بەرامبەر دەروونی و وە دابینکردنی هۆکارەکانی گەیشتن بۆ جێی مەبەست. وە ئەگەر ئەشتەوێ بە خۆشەویستی دونیاکەت بگەی ئەوە پێویستە هەژماری بەرنامەکەی خۆت بکەی بۆ چاك کردنی کەم و کوڕیەکان.

## (ڕێسای سیانزەهەمی عیشق)

**لەم جیهانەدا بە ئەندازەی زیاتر لە ئەستێرەکانی گەردوونی دیار پەروەردەکارو مامۆستای نارەسەن هەیە. جا تێکەڵاوی مەکە لە نێوان ئەو کەسانەی کەوا خۆ ویستن و کار ئەکەن بە هۆی پاڵنەری دەسەڵاتەوە لەگەڵ مامۆستا ڕاستەقینەکاندا، چونکە پەروەردەکاری ڕۆحی ڕاستگۆیە. ئەو بەو شێوەیە ڕووت تێ ناکات کەوا تۆ هۆشیاریت لەو، وە پێشبینی گوێڕایەڵیەکی ڕەهاش یاخود سەرسامیەکی تەواوت لێ ناکات، بەڵکوو یارمەتیت ئەدات لەسەر ئەوەی کەوا ئەندازەیەک بۆ دەروونی ناوەوەی خۆت دابنێی و ڕێزی لێ بگری. بێگومان پەروەردەکارە ڕاستەقینەکان شەفاف و ڕوونن وەکوو شووشە، وە نووری خوای گەورەش لە ڕێی ئەوانەوە تێ پەڕئەکات.**

### ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا گرینگی هەبوونی مامۆستای ڕاستەقینەو ڕاستگۆمان بۆ دەر ئەخات، کە چۆن گرینگی بە قوتابیەکەی ئەدات بۆ پێگەیاندنی، ئیتر لەم جیهانەدا زۆرن ئەوانەی کە بانگەشەی مامۆستایەتی دەکەن بەلاّم مامۆستایەتیش لەوان بێ بەرین. بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئیمڕۆکەمان زۆرن لەوانە. بێگومان گەر تۆ بتەوێ بەرەو خۆشەویستی خواو مرۆڤایەتی هەنگاو بنێیت، وە بۆ ئەوەی بەرەوکامڵ بوونیش بڕۆی ئەوە پێویستە بەدوای ئەو پەروەردەکارە ڕاستەقینانەدا بگەڕێی کە زۆر دەگمەنن لە ناو خەڵکیدا. بۆ نموونە ئەوانەی وەك ئیمامی ئەحمەدی فاروقی سەرهەندی و شێخ عبد القادر گەیلانی و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی و شێخ سەعیدی نورسی و وێنەی ئەمانیش (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، چونکە سوننەتی خوا وا هاتووە کەوا لە سەرەتای هەموو سەد ساڵێك کەسانێکی وەك ئەم زاتانە

بنێرێ تاوەکوو ئایین و ئیمانی خەڵك زیندوو بکاتەوە. بۆیە لەم سەردەمەش وێنەی ئەوان پەیدابووەو هەوڵدە بیاندۆزەرەوە.

**(ڕێسای چواردەهەمی عیشق)**

**هەوڵ مەدە بەرگری گۆڕانکارییەکان بکەیت کە ئاڕاستەت ئەبن لە ڕێگاکەتدا، بەڵکوو لە ژیان گەڕێ ئەو خۆی لە تۆدا ئەژێ. وە دوودڵیش مەبە کاتێ کە ژیانت یەکسەر بە دوایەوە ئەگۆڕێ، ئیتر چۆن ئەتوانی ئەو لایەنە بناسیت کە دەستدرێژیت کردووەتە سەری باشترە لەو لایەنەی کە لە مەولاوە بەرێوەیە؟.**

**ڕوونکردنەوە:**

---

لەم ڕێسایەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کەوا لە خودی ژیان گەڕێ چیت لێ ئەکات چونکە ئەو بەرنامەیەکە لە تۆدا داڕێژراوە ئیتر هەر چی بکەیت ناتوانی ئەمە بگۆڕیت لەوەی کە تۆ ئەتەوێ، بۆیە وەکوو خۆی وەری گرە، تاوەکوو ئاسوودە بیت. وە کاتێکیش شتێکت بەسەر هات، ئیتر دوودڵ مەبە لەوەی ئایا ئەبێت ئەوشتە تا چەندێك ژیانم بگۆڕێت و بەرەو فەوتانم ببات، نەخێر لێی گەڕێ و پشت بە پەروەرێنەرت ببەستە، چونکە تۆ نازانی کامە لایەن باشترە بۆ تۆ کە یەخەی گرتوویت لە بەلاو نەهامەتیەکان، یاخود لە خۆشی و کەیف و شادیەکان، ئیتر ئەو خۆی بەرێوەبەری ئەو بەرنامەیە کە لەتۆدا بەرجەستە بووە، ئەویش بەرنامەی ژیان و ئەحواڵ و بارو گوزەرانی تۆیە.

## (ڕێسای پانزەهەمی عیشق)

**خوای گەورە گرینگی پێدەرە بۆ کامڵ کردنی درووستکردنی تۆ لە دەرەوەو ناوەوەدا، ئەو زۆر گرینگی پێدەری تۆیە بەتەواوی. جا هەموو مرۆڤێک کردارێکی گەیەنەرەو بە هێواشی ئەجوڵێتەوە بەڵام بە جێگیری ڕووەو کەماڵ. ئیتر هەر یەکێک لە ئێمە ئاماژەیە بە کردارێکی هوونەری نا کامڵ، کە هەوڵ ئەدات و تێ ئەکۆشێ بۆ کامڵ بوون. بێگومان خوای گەورەش بە کارزانی و زانایەتی خۆی ڕەفتار لەگەڵ هەر یەکێک لە ئێمە ئەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی لەوحەیەکی جوانەو وێنەکشێکی کارزان وێنەی کێشاوە. هەر بۆیەش هەموو ئەو خاڵانەی سەر لەوحەکە گشتی یەکسانن لە ڕووی گرینگی پێدانەوە بەلای ئەوەوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا گرینگی خوای گەورەمان بۆ دەرکەوت بۆ مرۆڤایەتی کە تاچ ڕاددەیەك بەلایەوە گرینگە. ئیتر ئەو وێنەی تۆی کێشاوە لەسەر لەوحەی ژیان هەر خۆیشی ئەیزانێ کامە شت بۆ تۆ باشەو کامە شتیش بۆ تۆ خراپە. جوانی کەماڵی وێنەی سەر لەوحەکە بەرنامەی کەماڵی دەروون و ژیانی تۆیە. ئیتر ئەو هەوڵ ئەدات تۆ بەرەو کامڵ بوون ببات، بۆیە ئەوت زۆر خۆش بووێت چونکە وێنەی نیە لە هەموو ڕوویەکەوە. وە بێ هیواش مەبە چونکە ئەو ئەزانێ لە کام بەشی وێنەی سەر لەوحەکەت دائەنێ.

## (ڕێسای شانزەهەمی عیشق)

**ئاسانە کەوا پەرستراوێکت خۆش بووێت کە وەصف کرابێ بە کەماڵ و پاکی و گەورەیی، بەڵام گرانتر لەوە ئەوەیە کە برایەکانی خۆت خۆش بووێت لە مرۆڤایەتی بە هەموو ئەو کەم و کوڕی و ناتەواوییەی کە هەیانە. بیرکەرەوە! بێگومان مرۆڤ هیچ شتێ نازانێ تەنیا ئەوە نەبێ کە توانای بەسەرەوە هەیە بۆ ئەوەی خۆشی بووێت. هەر بۆیەش هیچ حیکمەتێک بەبێ خۆشویستن لە ئارادا نیە. وە ئەگەر خۆشمان فێرنەکەین چۆن دروستکراوانی خوای گەورەمان خۆش بووێت، ئیتر هەر گیز ناتوانین بەتەواوی خۆشمان بووێن، وە خوای گەورەشمان بە تەواوی نەناسیوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕیسا مەزنەدا گرینگی خۆشویستنی مرۆڤایەتیمان بۆ وەدەرکەوت. ئای ئێمە چەنێك پێویستیمان بەو خۆش ویستنە هەیە، تاوەکوو بەیەکەوە ژیان و یەکگرتن و شارستانیەت بەدی بهێنین. بۆیە سەیری هەر قوتابخانەیەکی فیکری بکە ئەگەر خۆشەویستی تێدا نەبوو ئەوە بزانە ئەو قوتابخانە سەرکەوتوو نیە، چونکە نەیتوانیوە نەخۆی خۆشەویست بکات، وە نەخوای گەورەش خۆشەویست بکات بەلای خەڵکیەوە. خۆشەویستان با زۆر گرینگی بەم ڕێسایە بدەین والله خۆشبەختی گشت مرۆڤایەتیە.

## (ڕێسای حەڤدەهەمی عیشق)

**بێگومان پیسی ڕاستەقینە لە ناوەوە خۆی حەشارداوە، بەڵام هەرچی پیسی ترە ئەوە بە شۆردن ئەڕوات. وە جۆرێکی تر لەو پیسانە هەیە کەوا ناتوانرێت بە ئاوی پاک بشۆردرێت، ئەوەش پیسی ڕق لێ بوونەوەو دەمارگیرییە، کە بەهۆیەوە ڕۆحی پیس کردووە. ئێمە ئەتوانین بە زوهدو دونیا نەویستی و ڕۆژوو گرتن لاشەکانی خۆمان بشۆین، بەڵام خودی خۆشەویستی بە تەنیا بەسە کە ئەتوانێ دڵەکانمان بشوات.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەمان بۆ وەدەرکەوت هەندێك پیسی ئاسانە شۆردنیان بەڵام هەندێکی تریان گرانەو بە زەحمەت لا ئەچێ. پیسی دەمارگیری چ هی قەومیەت چ هی خۆشەویستی وا ئەکات کەوا ڕۆحی مرۆڤ پیس بکات. ئەمەش ناڕوات مەگەر بە خۆشەویستی نەبێت، هەر بۆیەش با هەوڵدەین خۆشەویستی لە نێوان یەکتر بڵاو بکەینەوە تاوەکوو بەرەکەتی خوا بەسەرمانا ببارێت و شارو وولاتمان بەرەو پێشکەوتن بڕوات.

## (ڕێسای هەژدەهەمی عیشق)

**گەردوون بەو پڕایی و گەورەییەی خۆیەوە لە ناوەوەی هەموو مرۆڤێک و ناوەوەی تۆدا خۆی حەشارداوە. هەموو ئەو شتانەش کە لە دەوروبەری خۆتا ئەبینی ئەکرێ ئەو شتانەت خۆشت نەوێت. هەتا ئەو کەسانەش کەوا تۆ بە بچووک سەیریان ئەکەیت، یاخود دوژمنیایەتیان ئەکەیت، ئەمانە گشتی لە ناوەوەی تۆدا بە پلەی جیاواز خۆیان حەشارداوە. ئیتر بۆ بە دوای شەیتان ئەگەڕێیت، چونکە شەیتان ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرە نیە کە لە دەرەوە بتوانێ هێرش بکاتە سەرت، بەڵکوو ئەمە دەنگێکی ئاساییە لە ناوەوەی خۆتدا سەرچاوەی گرتووەو دەرئەچێ. بۆیە ئەگەر دەروونی خۆت بە تەواوی ناسی، وە بە ڕاستگۆیی و ڕەقی ئەو لایەنە تاریک و ڕووناکەت ڕووبەڕووی بوویەوە، ئیتر ئەو کاتە تۆ ئەگەیتە بەرزترین شێوەکانی هۆشیاری، وە لەو کاتەش کە دەروونی خۆت ناسی ئەوە خوای گەورەشت ناسیوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا مەودای ناوەوەی مرۆڤمان بۆ وەدەرکەوت کە ئەتوانێ گشت گەردوون لە خۆیدا حەشار بدات. ئەمەش شتێکی ئاساییە هەروەکوو تەکنەلۆژیای سەردەم بۆمانی دەرخستووە کە زاکیرەیەکی وەك هاردو میمۆری ئەتوانێ گشت شتێك لە خۆیدا حەشار بدات، ئەی چی ئەڵێی بەو میمۆرییەی کە دڵ و ناوەوەی مرۆڤە دروستکەرەشی خوای گەورەیە. دەروونی مرۆڤ وا ئەکات کەوا نامەی خۆش ویستن و خۆش نەویستن بنێرێت بۆ دڵ و عەقڵ چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەموویان هەیە. ئەم نامە ناردنە وا ئەکات

شەیتانیش زیاتر ئەو نامەیە ناشیرین بکات. جاری وا دەبێت کەسێك سیحری لیَ ئەکرێت ئەمجارە شەیتان لە هەردوو بواردا خۆش ویستن و خۆش نەویستن کار ئەکات، بۆ نموونە ئەگەر سیحری خۆشەویستی بوو شەیتانی نێردراو پەیوەندی بە شەیتانی ئەو کەسە ئەکات، ئیتر شەیتانی ئەو کەسەش کاریگەری لەسەر دڵ ودەروونی ئەو کەسە ئەکات و تاوەکوو کەسەکەی خۆش بووێت، بەهەمان شێوە هی ڕق لیَ بوونەوەش هەر وایە. بەلاَم سەبارەت بە ڕێگە گرتن لەو نامە ناردنانەی دەروون کە پێی ئەوترێت ختووکەو وەسوەسە، ئەوە بە هۆی پاکی و ڕاستگۆیی دڵ ئەتوانیَ لێی دەرباز بێت چونکە دڵ لایەنێکە جاری وا تاریك ئەبێت جاری واش هەیە ڕووناك ئەبێت، ئیتر چەنێك مەودای خۆشەویستیت لە دڵ زیاد کرد ئەوە گەردوونی دڵت ڕووناکترو فراوانتر ئەبێت، وە هەمیش وریاو ئاگادار دەبێت لەو نامە دەروونی و شەیتانیانە. بۆیە کە نامەکانت لێك جیا کردنەوەو خستە نێو زبڵدانی تێکۆشانەوە ئەوکاتە تۆ دەروونی خۆت ناسیوە، وەبێگومان ناسینی دەروونیش گەورەترین ئامانجە بۆناسینی خوا جل جلالە.

## (ڕێسای نۆزدەهەمی عیشق)

**ئەو کەسەی کە ئەیەوێ ئەو ڕێگایە بگۆڕێ کە خەڵکی لەسەریەتی و کاری پێ ئەکەن، ئەوە لەسەرەتادا پێویستە ئەو ڕێگایە بگۆڕێ کە خۆی لەسەریەتی و کاری لەسەر ئەکات. وە ئەگەر خۆی فێرە ئەوە نەکرد کە چۆن بە ڕاستگۆیانە خۆی خۆش بووێت، ئەو کاتە هیچ هۆکارێک لە ئارادا نابێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەهۆیەوە خۆشی بووێت. بەڵام کاتێ کە ئەگاتە ئەو ئاستە، سوپاسی هەموو ئەو دڕکانە ئەکات کە خەڵکی بۆی ئەهاوێژن. ئەمەش بەڵگەیە کە لەمەودوا گوڵەکان بە زوویی ئەکرێنەوە. ئیتر چۆن کەسێک ئەتوانێ سەرزەنشتی ئەوانی تر بکات لەسەرئەوەی کە ڕێزی لێ ناگرن لە کاتێکا کە گوێی بە ڕێزلێنانی خۆی نەدابێ؟.**

### ڕوونکردنەوە:

---

لێرەوە بۆمان وەدەرکەوت مەحاڵە تۆ بتوانێ گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگادا بکەیت ئەگەر لەسەرەتادا خۆت نەگۆڕی، چونکە لە هاوکێشەی ژیاندا سەرەتا چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ زات کە خودی خۆتە. ئەگەر تۆ نەتوانی چۆن مامەڵە لەگەڵ خۆت بکەیت ئەی چۆن ئەتوانی لەگەڵ خەڵکانی تر بکەیت. چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ خۆت خۆش ناوێ، گەر تۆ خۆت خۆش بویستایە سەرەتا چۆنیەتی ئەو مامەڵەکردنەو چۆنیەتی بەرەوکامڵ بوونی خۆت ئەگرتەبەر. بۆیە خۆشەویستەکەم کاتێ کە گۆڕانکاریت لە دەروونی خۆتا کرد ئیتر بێزارمەبە لەو ڕەفتارە خراپانەی کە خەڵکی ئاڕاستەی تۆ ئەکەن، چونکە گوڵ بێ دڕك نابێ. گەر ڕەفتار خراپی خەڵکیش نەبایە چاکی و پاکی و خۆشەویستیش گرینگیەکی ئەو تۆی نەئەبوو. بۆیە تۆ هەر بەردەوامبە تاوەکوو وەك گوڵ ئەگەشێیتەوە هەم خۆت وە هەم چواردەوریشت سوود لە جوانی و بۆنەکەت وەرئەگرن.

## (ڕێسای بیستەهەمی عیشق)

**گرینگی بەوە مەدە کە ئەو ڕێگایە بەرەو کوێندەرت ئەبات، بەڵکوو سەرنجی ئەو هەنگاوەی یەکەمت بدە. چونکە گرانترین هەنگاوە کە پێویستە بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆ بگریت. ئیتر کە ئەم هەنگاوەت نا لە هەموو شتەکان گەڕێ با بەشێوازێکی سرووشتی خۆی بێ و بڕۆن. بۆیە لەگەڵ هەموو شەپۆلێکا مەڕۆ بەڵکوو خۆت ببە شەپۆل.**

## ڕوونکردنەوە:

---

خۆشەویستەکەم گەر تۆ لەسەرەتادا زانیت چ ڕێگایەکت گرتووەتەبەر ئیتر مەترسە سەرەنجامەکەی بەرەو کوێت ئەبات، چونکە ئامانجی خۆت دیاری کرد هەر لەسەرەتای هەنگاوی یەکەمدا. بۆیە مەترسە لە هەر شتێکیش کە بەسەرت دێ لەو ڕێگایە. ئەو ئاستەنگی و بەربەستانەی کە تووشت ئەبن لە ڕێگاکەت گشتیان وەکوو تەوژم و شەپۆل وان تاوەکوو نەتوانیت بگەیتە ئامانجەکەت. هەر بۆیەش شەمس پێمان ئەڵێ: خۆت ببە ئەو تەوژم و شەپۆلە، واتە دەروونێکی پڕ لە شەپۆلی هیواو متمانە بەخۆبوونت هەبێ تاوەکوو هەموو ئاستەنگەکان ڕامالێیت.

## (ڕێسای بیست و یەکەمی عیشق)

**هەر یەکێک لە ئێمە دروستکراوە بەو شێوازەی کە لەسەریەتی، وە لەگەڵ هەندێش ئێمە دروستکراوانێکی جیاوازو جیاکراوەین. بۆیە دوو کەس نابیندرێتەوە لەیەک بچن. وە دوو دڵیش نیە کە یەک شێواز بخوازن. گەر بێت و خوای گەورە ویستی لەسەر ئەوە بایە کە ئێمە هەمووومان لەیەک بچین، ئەو کاتە هەموومانی بەیەک شێواز درووست ئەکرد. هەر بۆیەش ڕێنەگرتنی ڕاجیاییەکان و فەرز کردنی بیرکردنەوەکانی خۆت بەسەر ئەوانی تردا واتەی ڕێز نەگرتنە لەو دەستوورە پیرۆزەی کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا گرینگی ڕێزلێنانی بۆچوون و بیرکردنەوە جیاوازەکانی خەڵکیمان بۆ دەرئەخات. تۆ وەرە سەیری پێنج پەنجەکانی دەستت بکە کە هیچیان لەیەك ناچن، ئەی چۆن ئەتەوێت هەموو خەڵکیش وەك تۆ بیربکاتەوەو ڕەفتار بکات. هەتا شتێکی وردتان بۆ ڕوون بکەمەوە ئەحواڵی دڵ و ڕۆحی هەموو پێغمبەران و پیاوچاکان و خەڵکی بەگشتی لە خواپەرستیشدا جیاوازن لە نێوان خۆیان و پەروەرێنەریان، ئیتر ئەمە سرووشتێکی خواییە وەك بەرنامەیەك خستوویەتە نێو دڵ و ویژدانەکانەوە. بۆیە زۆر گرینگە لەم سەردەمەی ئیمڕۆکەمان کە تێکڕای خەڵکی وێران کردووە بە دەست ڕاجیایی و جیاوازی بۆ چوونەکانەوە ئەم ڕێسا مەزنە بکەینە دەستوورێکی ژیانمان. ئەوەتا حاڵی خەڵکی لەو هەموو بەکافرزانینی خەڵکەو بە گومڕادانانی و شەڕو نەهامەتیەکان هەموویان لە سۆنگەی سەپاندنی بیرکردنەوە دیکتاتۆریە شەیتانیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەیەوێ گشت خەڵکان بکاتە کۆیلەی

بیرکردنەوەکانی خۆی، ئەوەش لە کاتێکایە کە خوای گەورە ڕێزی لەو دەستوورە جیاوازەی ئەو مرۆڤە ناوەو بابای دیکتاتۆریش دێت پێشێلی ئەو دەستووورە ئەکات.

## (ڕێسای بیست و دووهەمی عیشق)

**لەو کاتەی کە عاشقێکی ڕاستەقینەی خوایی ئەچێتە مەیخانەیەک ئەو شوێنە بۆی ئەبێتە ژوورێکی نوێژکردن. بەڵام لەو کاتەی کە ئارەق خۆرێک ئەچێتە هەمان ژوورەوە ئەوە بۆی ئەبێتە شوێنی ئارەق خواردنەوە. بۆیە هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە ئەیکەین ئەوەی گرینگ بێت دڵەکانمانە نەک ڕووکەشی دەرەوەمان. چونکە صۆفیەکان بڕیار لەسەر ڕووکەشی ئەوانی تر و یاخود ئەوانە کێن نادەن. وە لەو کاتەی صۆفیەک چاو ئەبڕێتە کەسێک ئیتر چاوەکانی دائەخات و چاوی سێیەم ئەکاتەوە، کە چاوێکە جیهانی ژوورەوە تیایا ئەبینێ.**

### ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا گرینگترین شتی بۆمان دەرخست کەوا زوو بڕیار لەسەر خەڵکی نەدەین، وە جیاوازی ئەو کەسەی کە خۆشەویستی خوایی چۆتە دڵیەوە لەگەڵ ئەو کەسەی بەهۆی نیەتەوە کە چۆن شوێنەکانیان بە ڕووکەشی بۆ ئەگۆڕێ جا هەر چەندێکیش شوێنەکان قەدەغەکراوبن لە ڕووی شەرعەوە بۆ ئێمە دەرخست. شەمس نا فەرمووێ: کەوا خەڵکینە بڕۆنە مەیخانەکان ئێوە سەیری دڵی خۆتان بکەن نا حاشا ئەوە مەبەستی شەمس نیە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە عاشقان و شەیدایانی ڕاستەقینەی خوایی هەموو شوێنەکانیان لە لا وەکوو یەکە. چونکە ئەوان بە حاڵی دڵیان لەگەل پەروەردگاریانن جا لەمەککە بێ یاخود لە مەیخانەیەك بێ، لە ڕۆژهەلاّت بێ یاخود لە ڕۆژئاوا، لە گۆڕ بێ یاخود لە نوستن بێ، ئەمان

بەردەوام لەو حاڵە شەیداییەدانە. پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرمووێ: (خوای گەورە سەیری لاشەو وێنەکانتان ناکات، بەڵکوو سەیری دڵەکانتان ئەکات)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (سەیری دڵەکانتان و کردەوەکانتان ئەکات) بوخاری و موسلم ڕیوایەتیان کردووە. بۆیە خۆشەویستانم زۆر گرینگە بۆ بڕیاردان لەسەر وتەو کردەوەی خەڵکی سەیری نیەتی دڵی ئەو کەسە بکەین، ئەگینا ئەکەوینە نێو دەردی تەکفیر و بەگومڕازانینی خەڵك. وە هیچ کەسێکیش وەك ئەو کەسە نابێت لە بڕیاردانێکی ڕاستەقینە لەسەر وتەو کردەوەی خەڵك کە توانیویەتی بەچاوی دڵی سەیری شتەکان بکات و بڕیاریان لەسەر بدات. کرانەوەی چاوی ژوورەوەش زۆر ئاسانە تەنیا ڕۆژانە نیو کاتژمێر لەشوێنێکی ئارام و بێ دەنگ دانیشە، وە چاوەکانیشت داخە زیکری الله الله یاخود لا اله الا الله بکە بە مێشك و دڵت نەك بەزمانت، وە زمانیشت مەجوڵێنە. جا نیشانەی بوونەوەی دڵیشت ئەوەیە دوو حاڵەتت بەسەر دێت یان بە چاوی سەرت شتی نادیار ئەبینی، یانیش بەچاوی دڵت شتە نادیارەکان ئەبینی. جا مەبەستی شەمس بە چاوی سێیەم هە ئەوانەیە کە باسمان لێوە کرد.

## (ڕێسای بیست و سێ هەمی عیشق)

**ژیان تەنیا قەرزێکی کاتیە، وە ئەم جیهانەش تەنیا شوێنکەوتوویەکی لاوازە بۆ حەقیقەت. وە تەنیا منالەکانن کە ئەوانەن تێکەڵی ئەکەن لە نێوان یاری و شتە حەقیقیەکان. وە لەگەڵ هەندێش ئەم مرۆڤە یان گیرۆدە ئەبێ بەو یارییە، یانیش بە سووکی و بێ نرخیەوە ئەیشکێنێ و فڕێی ئەداتە لایەکەوە. بۆیە لەم ژیانەدا خۆت دوور بگرە لە هەموو شێوازەکانی لە سنوور دەرچوون، لەبەر ئەوەی هاوسەنگی ژوورەوەت تێک ئەشکێنێ. کەسی صۆفی بەشێوازی لە سنوور دەرچوون ڕەفتار ناکات، بەڵکوو بەردەوام بە لێبووردەیی و میانەڕەوی ئەمێنێتەوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

بەڵێ ژیان قەرزێکی کاتیە لە لای مرۆڤایەتی، هەر بۆیەش زوو ئەبێت قەرزەکە بداتەوە کە مەرگی خۆیەتی. خەڵکی بەگشتی لەم جیهانەدا لەوەی کە ڕابووردووەو لەوەش کە دێ لەداهاتودا، گرینگیەکی ئەو تۆ بە جیهانی ژوورەی دڵ نادەن کە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت تەنیا دەرگایەکە لەوێ مرۆڤ ئەتوانی بەسەر پلیکانەکانی حەقیقەتی فەلسەفەی بوون و ژیان و مرۆڤایەتی بگات. بۆیە ڕێگا بەرەو حەقیقەت لەدڵەوەیە نەك لەسەر، چونکە سەر تەنیا شتە ڕووکەشەکان ئەبینێ ناتوانێ لە دیوی ناوەوەی شتەکان بگات، بەڵام دڵ وانیە لە هەردووکی تێ ئەگات ژوورەوەو دەرەوە. هەر بۆیەش ئەوانەی کە گرینگیان بە حەقیقەت نەداوە وەکوو ئەومنالانەن کە شتەکانیان تێکەڵ بەیەك ئەکەن بۆ خۆیان یاری پێ ئەکەن، لەو تێکەڵیەوە ئەو منالە گرفتاری لە سنوور دەرچوون ئەبێ بە هۆی هەڵەشەییەکانیەوە. ئیتر مرۆڤیش بەو

جۆرەیە کە ڕێگای حەقیقەتی نەگرتەبەر گرفتاری تیرۆرو تۆقان و لە سنوور دەرچوون ئەبێت، وە هاوسەنگی ناوەوەی خۆی کە دڵیەتی تێك ئەچێت و مرڤێکی گورگ ئاسای لێ دەرئەچێ. ئەوانەی کە توانیویانە ئەم هاوسەنگیەی ژوورەوەیان بپارێزن ئەو کەسانەن کە بەچاوی دڵەکانیان سەیری شتەکانیان کردووە، وە توانیویانە میانەڕەو ڕەفتاری پێکەوە ژیان بکەنە درووشمی خۆیان. ئیتر با هەر ناوێکیان لە خۆ نابێ صۆفی بێ یاخود دەروێش یاخود هەر ناوێکی تر، ئەوەی گرینگ بێت هاوسەنگیەکەیە.

## (ڕێسای بیست و چوارەمی عیشق)

**مرۆڤ لە نێوان درووستکراوانی خوای گەورەدا پلەو پایەکی ناوازەی بە دەستهێناوە. لەو کاتەوەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: "لە ڕۆحە تایبەتیەکەی خۆم دروستم کرد و کردمە بەری" بۆیە هەموومان درووستکراوین بە بێ جیاوازی تاوەکوو ببینە جێنشینی خوای گەورە لەسەر زەوی. ئیتر پرسیار لەخۆت بکە بزانە چەند جار وەک جێنشینەکی ئەو ڕەفتارت کردووە، جا ئەگەر ئەمەشت کرد ئەوە بیرکەرەوە لەوەی کە لەسەر شانی هەر یەکێک لەئێمەدایە کە بە دوای دۆزینەوەی ئەو ڕۆحە خواییەدا بین کە لەناوەوەی هەر یەکێکمانا بوونی هەیە تاوەکوو بە پێی دەستووری ئەو ڕۆحە بژین.**

## ڕوونکردنەوە:

---

خۆشەویستان ئەوەی دەرئەکەوێ لەم ڕێسا مەزنەدا ئەوەیە کە تێکڕای مرۆڤایەتی جیاوازیان نیە لە ڕووی پێدانی ڕۆحی ژیان تاوەکوو هەستکردن بە ژیان لەم دونیا کاتیەدا بێتە بوون. ئەو ڕۆحەی کە خوای گەورە لە جیهانی ئەمرەوە فەرمانی پێ کرد بچێتە لاشەی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) حەقیقەتی بوونی بە ئادەم بەخشی، وە جیای کردەوە لە ناو گشت بوونەوەراندا، چونکە گشت بوونەوەرەکانی تر بەهرەمەند بوونە لەناوی (الحی) خوای گەورە کە بە واتای زیندوو دێت. جا تێکڕای بوونەرەوەران ژیانیان پێدراوە بۆیە وا ڕاستترە لەکوردیشدا لە بری وشەی گیانداران وشەی ژیانداران بەکار بهێنرێت، بەتەنیا هەر ئەمە بۆ چوونی من نیە، بەڵکوو زانای پایەبەرز مامۆستا عەلی باپیریش هەمان بۆ چوونی منی هەیە. چونکە

گیان کە ئەکاتە ڕۆح بە ئادەم بەخشراوە نەك بە بوونەوەرەکانی تر. هەر بۆیەش خوای گەورە ئادەمی جیا کردەوە بەهۆی ئەو گیانە تایبەتیەوە، وە بەرپرسیارێتیەکی گەورەشی لەسەر شانی دانا کە ئەویش جێنیشینێتی خوای گەورەیە لەسەر زەوی. ئەوەی لەسەر شانی گشت کەسێکمانە ئەوەیە کە بەدوای نهێنی ئەو گیانە تایبەتیە بگەڕێین لەناو لاشەمان، چونکە کاتێ کە دۆزیمانەوە هەست بەم جێنیشینێتیە ئەکەین، ئەمەش بەهۆی کرانەوەی چاوەکانی دڵە هەروەك لە ڕێساکانی تردا ئاماژەمان پێداوە. ئەوەی لەم ڕێسایەدا هاتووە واتای ئەوەناگەیێنێ کەوا خوای گەورە تێکەڵە لەگەل مرۆڤ پەنا بەخوا، بەڵکوو خوای گەورە زۆر لەوە پاککترە لەگەڵ بوونەوەرانی خۆی تێکەڵ ببێت. ئیمامی قوشەیری و زانایانی تر ئەفەرموون خوای گەورە (نە فەصڵە وە نە وەصڵیشە) واتە: خوای گەورە لە دەرەوەو ناوەوەی ئەم گەردوونە نیە. نە لە گەردوون جیایە وە نە تێکەڵیشە بە گەردوون، بەڵکوو هەموو گەردوونی ڕاگیر کردووە بەزانست و توانای خۆی، والله اعلم. ئەوەی دەمەوێ لەو ڕێسامەزنەدا بیڵێم ئەوەیە ئەگەر تاوەکوو ئێستاکە هەستت بەو بەرپرسیارێتیە نەکردووە ئەوە برۆ ناو جیهانی دڵ ئینجا هەستی پێ ئەکەی کەچی پێش کەش بە خواو مرۆڤایەتی ئەکەی.

## (ڕێسای بیست و پێنجەهەمی عیشق)

**بێگومان دۆزەخ ئەلێرەیە ئێستاکە، وە بە هەمان شێوە بەهەشتیش. ئیتر بووەست لە بیرکردنەوەی ترسی دۆزەخ یاخود خەوبینین بەبەهەشت، لەبەر ئەوەی لەو ساتەدا هەردووکیان بوونیان هەیە. ئەوەتا هەموو جارێک پێمان خۆشە بەرزبینەوە بۆ ئاسمان. وە هەمووجارێکیش ڕقمان لە کەسێکە، یاخود ئیرەیی ئەبەین بەکەسێک، وە یاخود شەڕ ئەکەین لەگەڵ کەسێک، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ ئێمە ئەکەوینە نێو ئاگری دۆزەخەوە .**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەو ڕێسا مەزنەدا شەمس پەیامێکی هەیە ئەیەوێ پێمان بڵێ: ئێوە لەگەڵ ئەوەی کە بڕواتان بە بەهشت و دۆزەخ هەیە کە دوو شوێنە یەکێکیان بۆ خۆشی و ڕابواردن ئەوی تریشیان بۆ سزادان، دەکەواتە واز لەو خراپەکاریانە بێنن کە ئێوە گیرۆدەی بوونە. چونکە لەگەڵ کردنی هەر خراپەیەکدا ئێوە ڕاستەو خۆ بەرئەبنەوەو ئەکەونە نێو دۆزەخەوە. وە لەگەڵ کردنی هەر چاکەیەکیشدا بەرزئەبنەوە بەرەو بەهەشتەکان. ئیتر بیر لەچی بەهەشت و دۆزەخ ئەکەیتەوە، چونکە خۆت لە ناو واقیعەکەدایت. هەر بۆیە لە ژیاندا هەوڵدەن بەردەوام چاکەکارو چاکە خواز بن، تاوەکوو لە بری نزم بوونەوە پلەی بەرزبوونەوەتان ببێتە ئامڕازو ئامانج.

## (ڕێسای بیست و شەشەهەمی عیشق)

**زەرەرو زیان نە بە خۆت بگەیێنە وە نە بەخەڵکیش. بە سۆزو میهرەبان بە. تێکدەری نێوان خەڵکان مەبە ئەگەر چی وتەکانیش پاک و بێ گوناه بوون. لەبەر ئەوەی ئەو وتانەی کە لە زارەکانی ئێمەوە دەرئەچن لە ناو ناچن، بەڵکوو لە ئاسمانی بێ کۆتایی بۆ هەتایی ئەمێنێتەوە، وە لە کاتێکی گونجاویشا بۆمان ئەگەڕێتەوە. بێگومان گرفتەکانی مرۆڤێک ئازار بەگشتمان ئەگەیێنێ. وە دڵ خۆشی مرۆڤێکیش وامان لێ ئەکات هەمووومان زەردەخەنە بکەین.**

### ڕوونکردنەوە:

---

بەڵێ زۆر شت هەیە کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەنجامیان ئەدەین کە هەم زیانی بۆ خۆمان هەیە وە هەمیش بۆ دەوروبەرمان. بۆیە پێویستە وازیان لێ بهێنین تاوەکوو بەرپرسیار نەبین بەرامبەر بە خود کە خوای گەورە خۆی خاوەنێتی. وە هەمیش بەرامبەر بە تاکی گۆمەڵگاش کەوا ئەکات ببێتە مایەی تێکدەری ژیانی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیەش ئێمە نابێت تێکدەر بین بەوەی قسەو وتەی خەڵك بۆ یەکتری ببەین تاوەکوو بکەونە حاڵەتی شەڕەوە، بەڵکوو لە بری ئەوە با چاکە خوازو بە سۆز بین لەگەڵ تێکڕای بوونەوەراندا. وە بێگومان هەر وتەیەك کە لە زاری ئێمەوە دەرئەچێ گشتی تۆمارئەکرێ لەو بۆشاییەی ئاسماندا، چونکە ئاسمان وەك خەزنکەرێکی دەنگ وایە، بەڵام زانستی سەردەم تاوەکوو ئێستاکە نەیتوانیوە ئامێرێك دروست بکات تاوەکوو ئەو دەنگانەمان بۆ لێداتەوە لەوەی کە لە ڕابووردووا تۆمارکراوە. وە هەروەها خۆشەویستانم با هەولبدەین غەم بۆ کەسانی دەستەوسان و ستەمدیدەو هەژاران بخۆین، وە یارمەتیان بدەین بە پێی توانا. وە بەردەوامیش بزەو خەندەو خۆشی بخەینە دڵەکانیان تاوەکوو لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە.

## (ڕێسای بیست و حەوتەهەمی عیشق)

**ئەم جیهانە بە چیایەکی بەفر داپۆشراو ئەچێ کە سەداو دەنگی تۆ پێچەوانە ئەکاتەوەو ئەیڵێتەوە. جا یەکسانە هەر شتێک کە تۆ ئەیڵێیت خراپ بێت یاخود باش، گشتی بۆ تۆ ئەگەڕێتەوە. بۆیە ئەگەر کەسێک هەبێ لەوێدا بە خراپە باسی تۆ بکات، ئەوە قسەکردن بە خراپە دەربارەی ئەو کەسە بەهەمان شێوەی ئەو تەنیا خراپیەکە زۆرتر ئەکات. وە دەروونی خۆشت لە نێو بازنەیەکی بەتاڵکەرەوەی وزەی ڕق و کینە بە حەپس کراویەوە ئەبینی. بۆیە چل ڕۆژان قسان بکەو بیرکەرەوە شەوو ڕۆژ لەو شتە ناسک و جوانانەی کە لەو کەسەدا بوونی هەیە. چونکە بێگومان هەموو شتێک لە کۆتاییدا جیاواز ئەبێت، بۆیە تۆش لە کۆتاییدا لە ناوەوەی خۆت جیاواز ئەبیت.**

### ڕوونکردنەوە:

---

شەمس لەم ڕێسا مەزنەدا بۆمانی دەرخست کەوا زۆر گرینگی بە قسەی خراپی خەڵك نەدەین، چونکە خۆمان ئەخەینە نێو گێژاوو شەپۆلەکانی ڕق و کینە. وامان لێ ئەکات هەرچی تۆڵە هەیە لەو کەسە بکەینەوە. ئەمەش کارێکی خراپە چونکە خراپە بە خراپە چارەسەر نابێت. تۆ سەیری چیاکان بکە کاتێك کەسێ دەنگی خۆی هەڵئەبڕێ لەنێو چیاکان جا دەنگەکەی بە خراپی بێت یاخود بە باشی ئەوە هەر خوودی قسەکە ئاڕاستەی ئەو کەسە ئەکرێتەوە لە لایەن چیاکانەوە چونکە دەنگ ئەداتەوە. ئەی باشە تۆش ئەتەوێت وەك چیاکە بیت هەر چیت ئاڕاستە کرا ئەوە بڵێیتەوە؟ ئەگەر وات کرد هەم خۆت وە هەم کۆمەڵگاش بەرەو دوژمنداریێتی ئەبەیت. بۆیە بەچەکی لێبووردەیی و بیرکردنەوە لە شتە باش و جوانەکانی ئەو کەسە ئاسۆکانی دەروونت فراوانتر بکە، تاوەکوو دڵت گەورەتر بێت و خۆشەویستر بیت لە نێو کۆمەڵگەدا.

## (ڕێسای بیست و هەشتەهەمی عیشق)

**بێگومان ڕابووردوو ڕوونکردنەوەیە، وە داهاتووش خەیاڵ و ئەندێشەیە. وە بێگومان جیهان جووڵە ناکات لەگەڵ کاتا وەکوو هێڵێکی ڕاست، لە ڕابووردووە بڕوات بۆ داهاتوو. بەڵکوو کات لەگەڵ ئێمەیا ئەجووڵێتەوە کە لە ناوەوەی خۆمانا پێچانێک هەن کە کۆتاییان پێ نایێت. وە سەرمەدیش بە واتای ڕەهایی کات نایێت، بەڵکوو بە واتای نەمری و هەتایی دێت.**

## ڕوونکردنەوە:

---

لەم ڕێسا مەزنەدا بۆمان وەدەرکەوت کە ئەوەی لە ڕابووردوودا ڕوویانداوە گشتی تەفسیرێکن بۆ داهاتوو تاوەکوو ئەزمونیان لێ وەربگیرێت. وە سەبارەت بە داهاتووش هێشتان نەهاتووە بۆیە هەر خەیاڵی بۆ ئەکرێ ئایا چی بکەین و چۆن ئەبێت؟ جا خۆ خەریکردن بە داهاتوو کارێکە وا لە دەروونی مرۆڤ ئەکات زۆربەی کاتەکان بێ هیوا بێت لەو شتانەی کە دەستی نەکەوتووە. بەلاّم مرۆڤ ئەتوانێ پیلان و بارنامە بۆ داهاتوو دابڕێژێت بۆئەوەی تیایدا سەرکەوتوو بێت و بە ئامانجەکانی بگات. ئەوەشمان لە بیر نەچێ زەمەن و کات وەك هێڵێکی ڕاست نیە تا ئەوەی لە ڕابووردوو داهاتووا هەیە بەسەریدا گوزەر بکات، بەڵکوو زەمەن لە گەڵ ئێمەیە بە بەردەوامی. کارکردن و جولاّنەوەو نە جولاّنەوەی ئێمە خوودی زەمەنەکەیە، وەکوو سپرینگێکی لوولکراوە وایە لە ناخی ئێمە. مەبەستی شەمس بەوە ئەوەیە تۆ زەمەن نابڕی هەتاوەکوو شت گەلێکی زۆر لە ژیانتدا ڕووئەدەن و شتەکان پێچت ئەکەنەوەو وەکوو سپرینگە لولکراوەکە، بۆیە چاوەڕێی ئەوە مەکە لەگەڵ زەمەن بڕۆی لەسەر هێڵێکی ڕاست، تا هەموو شتەکانیش بە ڕاستی لەگەڵت بێن. چونکە ئەوە مەحاڵە سوونەتی خوای گەورە وا داخوازی دەکات کە ئەبێ وا بڕۆیت. بۆیە هەر گیز سڵ مەکەرەوە

له کارەکانت، وە بێ هیواش مەبەو ئاسۆکانی دەروونت با زۆر فراوان بێت بۆ بینینی شتەکانی ڕابووردوو داهاتوو. وە خوای گەورە ناوێکی پیرۆزی هەیە کە "سەرمەدیە" واتە ئەزەلی و هەمیشەیی. جا شەمس لێرەدا پێمان ئەڵێت: گەر تۆ لە ناخی خۆتدا سەرمەدیەتی خوای گەورەت دۆزیەوە ئەوە ئەو سەرمەدیەتە بەواتای زەمەن و هەمیشەییەکی ڕەها (مطلق) نایێت، بەڵکوو خودی زەمەن نادرێتە پاڵ خوای گەورە چونکە زەمەن دروستکراوە لەو کاتەی کە ماددە دروستکرا. وە ئەو بۆ خۆی هەڵسوڕێنەری ئەو زەمەنەیە و ئەزەلی و ئەبەدی و نەمری هەتاییە. بۆیە دوای دۆزینەوەت لەگەڵ سەرمەدیەتی خوای گەورە ئەبیت لە هەر دوو ژین.

## (ڕێسای بیست و نۆهەمی عیشق)

**قەدەر واتای ئەوە ناگەیێنێ کەوا ژیانی تۆ دیاریکراوە بە ئەندازەیەک کە هەر ئەبێ ببێ. بۆیە وازهێنان لە هەموو شتێک و بەجێ هێشتنی بۆ قەدەر، وە بەشداری نەکردن لە ژەنینی مۆسیقای گەردوون بەڵگەیە لەسەر نەزانیەکی ڕەها. بێگومان مۆسیقای گەردوون هەموو شوێنێک ئەگرێتەوە، وە لە چل ئاستی جیاوازیشا پێکهاتووە. بێگومان قەدەری تۆ ئەو ئاستەیە کە ئاوازی خۆت تیایا ئەژەنی. تۆ ئالەتی مۆسیقیەکەت ناگۆڕی بەڵکوو پلەی باشتر ژەنینی تیایا ئەگۆڕی.**

### ڕوونکردنەوە:

---

خۆشەویستان زۆر کەس لە ئێمە وا ئەزانێ ئیتر کۆتایی هاتووەو قەدەر بڕاوەتەوەو پێویست ناکات هیچ هەوڵ و کۆششێك بکەین ئەمە زۆر هەڵەیە. شەمس قەدەری مرۆڤەکانی وەکوو ژەنینی مۆسیقا لێکچوواند. ئەبێ هەر کەسە ڕۆڵی خۆی ببینێ لەو ژەنینەداو وە باشتر و جوانتر بیژەنێ نەك بەجێی بهێڵێ. بۆ نموونە بڕوادارێك و کافرێك بەیەکەوە لە ناو بەلەمێکا ئەبن، جا لەسەرەنجامی شەپۆلەکانی نێو دەریاکەوە بەلەمەکە نوقمی ژێر دەریاکە بوو، کافرەکەش مەلەوانی ئەزانی کەچی بڕوادارەکە نەیئەزانی. جا ئایا عەقڵێکی سەلیم دەربارەیان چی ئەڵێ: ئایا کامەیان ڕزگار ئەبێ؟ کابرای کافر بڕوای بەو ئاوازەی مۆسقیە هەبوو کاری پێ کرد کە خۆ فێرکردنی بوو لە چۆنیەتی مەلەوانی کردن و خۆ ڕزگار کردن لە نێو ئاوا، بەڵام بڕوادارەکە بڕوای بەخوا هەبوو بەڵام بڕوای بەو ئاوازە نەبوو هەر بۆیە سوونەتی گەردوونی تێکداو بۆیە نوقمی ژێر دەریاکە بوو. با نموونەیەکی تریش بێنینەوە

تاوەکوو ئەو باسەمان زۆر لا ڕۆشن بێت چونکە ئێمەی موسڵمانان خۆمان زۆر بەشت ئەزانین کەچی لە چاو ئەو ڕووپا لە بڕوا هێنان بە ئاوازی مۆسیقای گەردوون زۆر زۆر لە پاشەوەین، بەڵکوو بگرە زۆربەمان هەر بڕواشمان پێی نیە. ئەگێڕنەوە کاتێ تاعوونی عەمواس لە شام بلاّو بۆوە لەسەر دەمی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت)، ئەو کاتە والی شام عوبەیدەی کوڕی ئەبوو جەڕڕاح بوو. جا ئیمامی عومەر خۆی ئامادەکرد بۆ سەفەری شام بەلاّم نزیك شام بۆوەو هەواڵیان بۆ هێنا کەوا تاعوون لەوێ بلاّو بۆتەوە خەڵکێکی زۆری کوشتووە. ئیتر ئیمامی عومەریش هەواڵی نارد بۆ والی شام کەوا ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ شاری مەدینە. ئەبو عوبەیدەش فەرمووی: ئەی عومەر لە قەدەری خوا ڕائەکەی؟ ئیمامی عومەریش هەواڵی ناردەوەو فەرمووی: بەڵێ لە قەدەری خواوە ڕائەکەین بۆ قەدەری خوا. ئێمە لە پێغەمبەری خوامان بیستووە: (هەر کاتێك تاعوون لە شوێنێك بلاّو بۆوە با هیچ کەسێك لەو شوێنە دەرنەچێت و هیچ کەسێکیش نەچێتە ئەو شوێنەوە). شاهێدمان لەسەر ئەم باسەی کە گێڕامانەوە ئەوەیە: ئیمامی عومەر زیاتر شارەزاتر بوو لەو ئاوازە گەردوونیە لە چاو ئەو هاوەڵە بەڕێزە. ئەوەی ئیمامی عومەر کردی بە زاراوەی ئیمڕۆکە پێی ئەوترێت (سەلامەتی sefty)، کە ئەو ڕووپیەکان و غەیری ئەمانیش زۆر گرینگی پێوە ئەدەن. بەلاّم ئێمەی موسڵمان هەر بڕواشمان پێی نیەو ئەڵێین: بەتەمای خوای، وە خوا گەورەیە، هەموو شتێك بە قەدەری خوایە. ئەوەتا بابای کارەباچی ئەچێتە سەر عاموودی کارەبا بێ ئەوەی جلی سەلامەتی لەبەر بکات، وە بێ دەست کێش و کلاّو و پێلاوی تایبەتی نەگەیەنەر ئەچێت کارەکەی ئەکات جا ئەگەر کارەبا ئەوی گرت و کوشتی ئەڵێین ئەوە قەدەری خوا بوو. لەوەوە قەدەری خوایان تۆمەتبار کردو هیچ ڕێزێکیان لەو ئاوەزە گەردوونیە نەنا کەخوای گەورە بە جوانترین شێوە دایهێناوە. بۆیە شەمس پێمان ئەڵێ تۆ ئالەتەکە ناگۆڕی تەنیا ئاوازەکە خۆشتر ئەکەی.

## (ڕێسای سی هەمی عیشق)

**بێگومان صۆفی خوایی ئەو کەسەیە کەوا ئارام ئەگرێت و توانای بەرگەگرتنی هەیە ئەگەرچی وتەی پووچ و بەتاڵیش بدرێتە پاڵیا. وە لە هەموو ئاڕاستەکانیشەوە ئەگەر گرفتاری هێرشکردنە سەریش بێ، ئەوە بە یەک وشەی تیریش ئاڕاستەی ڕەخنەگرەکان نابێتەوە. کەسی صۆفی سەرزەنشتی هیچ کەسێک ناکات. ئیتر چۆن دوژمنایەتی و ڕکابەرایەتی یاخود "شتەکانی تر" ئەتوان لەو کاتەدا دەربکەون لە کاتێکا "نەفسێک" کە لە مەقامی یەکەمدا بوونی نەبێت؟ وە چۆن ئەکرێ کەسێک هەبێ لەو کاتەدا سەرزەنشتی بکات کە کاتێکە هیچ کەسێک نیە غەیری یەک کەس نەبێ.**

## ڕوونکردنەوە:

---

شەمس لێرە مەبەستی تەنیا صۆفی ناوێك نیە بەڵكوو هەر كەسێكە مادەم كەسێكی بۆ خوا سوڵحاو چاكە خواز بێت. جا سیفەتی ئەو كەسە ئەوەیە ئارام دەگرێ لەسەر هەر شتێكی خراپ و وتەیەكی خراپ كە ئەدرێتە پاڵیا، وە لە بەرامبەر خراپەكاریەشدا ئامادە نیە یەك وشەی خراپیش ئاڕاستەی ئەو كەسانە بكات، بەڵكوو خۆی ئەگرێت. ئەمەش سیفەتی پێغەمبەران و پیاوچاكانە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێ). ئەو كەسە لەبەرئەوەی ئەوەندە تێكۆشانی نەفسی خۆی كردووە بۆ ئەوەی ببێتە چاكە خوازو سوودمەند بۆ كۆمەڵگاكەی بۆیە لەبەر خەریك بوونی بەچاك كردنی نەفسی ئەوەندە گوێ بەو دوژمنكارییە نادات ئەگەر بێت لە هەموو ئاڕاستەیەكیش ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەر بۆیەش تەنیا كەسێك هەیە خۆی پێوە سەرقاڵ بكات ئەوەش دەروونی بەد خوازی خۆیەتی. جا خۆشەویستەكەم با هەوڵدەین لەو

جۆرە کەسانە بین کە هەر خەریکی چاککردنی خۆیان نەك خۆیان تەرخان کردبیّ بۆ دوژمنکاری و ڕکەبەرایەتی ئەم و ئەویتر. بۆیە با دروشمان سەرزەنشتکردنی خۆمان بێت نەك دۆست و خۆشەویستان و خەڵکانی تر.

## (ڕێسای سی و یەکەهەمی عیشق)

گەر ئەتەوێ بڕوایەکەت بە هێز بێت ئەوە پێویستە لەناوەوەی خۆتدا نەرم بیت. لەبەر ئەوەی تاوەکوو بڕوایەکەت پتەو بێت و وەک بەردێکی ڕەقی لێ بێت ئەوە پێویستە دڵت سووک بێت وەکوو شاپەڕەی باڵندە. جا ئەگەر بێت و گرفتاری نەخۆشیەک بووین یاخود کارەساتێک یەخەی پێ گرتین یاخود تووشی زیانێک بووین یاخود ترس دایگرتین بە ڕێگەیەک یاخود بە ڕێگایەکی تر، جا ئێمەش ڕووبەڕووی ئەو هەموو کارەساتانە ئەبینەوە بەو شێوەیەی کە فێری کردووین کە چۆن خۆ ویستیمان کەم بکەینەوەو وە چۆن دانایی و سۆزو ڕێزیشمان زیاد بکەین. وە لەگەڵ هەندێش هەندێ لە ئێمە وانەی لێوە فێر ئەبێ و نەرمی و میانەییشی زیاد ئەبێت. ئەوانی تریش تەنیا دڵڕەقیان زیاد ئەکەن. بێگومان ئەو هۆکارەی کە وات لێ ئەکات بەهۆیەوە لە حەقیقەت نزیک بیتەوە زۆرییان لە فراوان بوونێتی دڵتدا خۆیان حەشارداوە تاوەکوو مرۆڤایەتی بۆ خۆت ڕاکێشی، وە لەسەر ئەم فراوان بوونەش بمێنیتەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستیش تیایا زیاد ببێت.

### ڕوونکردنەوە:

---

دڵ نەرمی و فراوانی و گەورەیی دڵ شتێکی ئەوەندە پیرۆزە لە ناو هەموو ئایینەکان و دەستوورە دونیاییەکان پێگەیەکی دیارو بەرچاوی بەخۆ بینیوە. بێگومان کاتێك مرۆڤ ئیمانێکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ دڵێکی نەرم و نیان ئەوە هەر شتێك لە کارەساتەکان کە تووشی ئەبێت ئەم پێی هەڵناخلیسکێت بۆ ناسوپاسگوزاری و بێ هیوا بوون، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سەرەڕای گرفتەکانی خۆی دڵی خەڵکیش ئەداتەوە. خۆشەویستانم لە ئیمان بە

هێزی و نەرم نیانیدا فێری میهرەبانی و غەم خواردن بۆ خەڵکی و ڕێزلێنان لە بیرو باوەڕو بۆ چوونی خەڵك ئەبین. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە بێ هێزی ئیمان و دڵ تەسکی و دڵ ڕەقیدا فێری ئەنانیەت و تووڕە بوون و وێران کردن و کاولکاری کۆمەڵگا ئەبین، وە تێکڕای خەڵکیش لێمان دوور ئەکەوێتەوەو ئێمەیان خۆش ناوێت. جا بۆیە پێویستە ئیمانمان بەهێز کەین و دڵیشمان فراوان کەین زۆر بە سانایی لە خەڵك ببوورین. با هەر یەکێك لە ئێمە سەیری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکات، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو ناخۆشیەی کە قورەیش و سەرانی قورەیش تووشی پێغەمبەرمانیان کرد (صلى الله عليه وسلم)، کەچی دروشمی ئەو هەر لێبووردن بوو لێبووردن.

## (ڕێسای سی و دووهەمی عیشق)

**پێویستە هیچ شتێک لە نێوان نەفسی خۆت و خوادا نەبێت، جا چ پێشەوا بێت یاخود قەشە وە یاخود مالم وە یاخود هەر وەسیەتێکی پێشەوایەکی ڕەوشتی یاخود ئایینی، وە هەتا پێشەوا ڕۆحانیەکانیش، وە هەتا ئیمانەکەشت. بڕوات بە بەهاو بنەماکانی خۆت هەبێت، بەڵام فەڕزی مەکە بەسەر خەڵکانی ترەوە. وە ئەگەر کەسێکی کەوا دڵی خەڵکان ئەشکێنی ئیتر با بڕواشت بە هەر عەقیدەیەک هەبێت ئەوە عەقیدەیەکی باش نیە. خۆت دوور بگرە لە پەرستنی بتەکان بە هەموو شێوازەکانیەوە، لەبەر ئەوەی بینیت ناشیرن ئەکات. بۆیە با تەنیا اللە ڕێ نیشاندەرت بێ. ئیتر فێرە حەقیقەت ئەبیت، بەڵام پێداگربە نەکەی لەو حەقیقەتانەی کە لە لاتە بتانێک درووست بکەیت.**

## ڕوونکردنەوە:

---

ئەم ڕێسایە زۆر وردە ئەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئەگەر هەر بەڕووکەشی خۆی وەری بگرین ئەو کاتە هەرچی زاناو بانگخوازە ئاییەنەکان هەیە گشتی بێ هوودە ئەبن. خۆشەویستان شەمس پێمان ئەڵێ: بۆ بڕیاردان و دەسەڵات بەسەر ناوەوەی خۆتدا هیچ کەسێك با لە نێوان خۆت و خوادا نەبێت، بۆ نموونە حەزرەت ئەفەرمووێ: (فەتوا لە دڵی خۆت وەربگرە با خەڵکیش فەتوات بۆ بدەن) ئیمامی ئەحمەد و دارەمی ڕیوایەتیان کردووەو ئیمامی نەواویش بە حەسەنی داناوە. هەندێك حاڵ هەیە لە نێوان خۆت و خوای گەورە تۆ ناتوانی هیچ کەسێك بێنیتە نێوان خۆتان، بۆ نموونە لەو کاتەی کە نوێژ ئەکەی تەنیا خۆت و خوای ئەوەتا دایکمان عائیشە ئەفەرمووێ: (ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوایا(صلی اللە علیە

وسلم)، قسەمان ئەکردو ئەویش قسەی لەگەڵ ئێمە ئەکرد، بەڵام ئەگەر کاتی نوێژیش دا بهاتایە نە ئەو ئێمەی ئەناسی وە نەئێمەش ئەومان ئەناسی) ئیمامی ئەزدی ڕیوایەتی کردووە. بۆیە خۆشەویستەکەم دوو شت هەیە ئەبێ بیزانین: یەکەم ئەگەر تۆ بە تەواوی کەسێکی ڕۆحی یاخود هەر پێشەوایەکت خۆش ویست ئەوە مانای ئەوە ناگەیێنێ کەوا ئەوت کردووەتە واسیتە لە نێوان خۆت و خوای گەورە نا حاشا مەبەستی شەمس ئەوە نیە، چونکە بە تێکڕای سەردەمەکان خەڵکی عەوام و تایبەت گوێڕایەڵی ئیمامە سەر ڕاستەکانیان کردووە ئەوەیان زەم کراو نیە بەڵکوو بگرە خۆشویستراوەو هۆکارێکیشە بۆ نزیك بوونەوە لە خوای مەزن. دووەمیان ئەو جۆرە پێشەوایانەو سەرکردانە بکەیتە واسیتە لە نێوان خۆت و خوا بە بەردەوامی وا بزانی بێ ئەوان هیچ شتێك نزیکت ناکاتەوە لە خوای گەورە، هەر کەسێك بەو جۆرە بیربکاتەوە ئەوە پەروەردگارێکی وەهمی لە نێوان خۆی و خوایا داناوە خوای گەورەش لەو جۆرە بت و پەروەردگارە وەهمیانە بەریئە. چونکە بەهۆیەوە زاڵ ئەبێت بەسەر فیکرو بیرکردنەوەکانت. هەروەکوو لە ئایینی گاورەکانا بەو شێوەیە کابرا ئەچێتە کەنیسە تاوەکوو قەشە لە بری خوا لەو کەسە خۆش بێت. یاخود پارچەیەك زەوی بەهەشتی پێ بفرۆشێت، ئەمانە گشتی زەمکراون، مرۆڤ ئەبێ خۆیانی لێ بە دوور بگرێت. وە سەبارەت بەوەش تۆ با هەر عەقیدەیەکت هەبێت ئەگەر بەهەڵە لە عەقیدەکەی خۆت گەیشتبیت یاخود سرووشتی خۆت تێکەڵ بە عەقیدەکە کردبێت ئەوە ئەو عەقیدەیە هیچ گوناهێکی نیە بەڵکوو خۆت وات لێ دەرچووە کەوا زۆر بە سانایی دڵی خەڵکی بشکێنی، یاخود بەمانایەکی تر ئەو عەقیدەیەی کە تۆ لەسەریەتی عەقیدەیەکی باش نیە، چونکە مەحاڵە عەقیدەیەك ئەگەر باش بێت فەرمان بە دڵ شکانی خەڵکی بکات. وە سەبارەت بە پەرستنی بتەکانیش ئەوەش ئەو شتە دونیاییە پیسانەیە کە دەروونی بەدخوازی مرۆڤ هەڵەشەییان بۆ ئەکات تا ئەیان گەیێنێتە ئاستی پەرستن، بۆیە شەمس لێرەدا پێمان ئەڵێ کەوا خۆمان بە دوور بگرین لە پەرستنی ئەو بتانە. وە هەروەها جۆرێکی تریش لە بتەکان هەیە ئەویش ئەو کەسانەی کە دڵیان ئەبێتەوە حەقیقەتی جیهانی بەرزەخ و جیهانی میسال ئەبینن، ئەبێ زۆر وریابن ئەو شتە حەقیقەتانەی کە دەیبینن نەکەن بیکەنە بت و بیپەرستن لە بری خوای گەورە. بۆ نموونە

له جیهانی میسالا جاری وا دەبێ مرۆڤی نوورانی و تیشکی نوورانی و کەوکەبەکان و ڕەشاییەکی هیچ نادیار ئەبینرێن، وە جاری واش ئەبێ جۆرەها جیهانیان و خەڵکی جیاواز لە وێنەو بەژن و بالاً نیشانی ئەو کەسانە ئەدرێن کە دڵیان بۆ تەوە، ئەمانە گشتی حەقیقەتن بۆیە کەسی دڵ کراوە ئەبێت گشتیان واز لێ بێنێت تەنیا یەك ئامانجی هەبێت ئەویش خوایەو بەس.

## (ڕێسای سی و سێ هەمی عیشق)

**لەگەڵ هەندێ مرۆڤ لەم جیهانەدا تێئەکۆشێ بۆ ئەوەی لە شتێک بکۆڵێتەوەو ببێتە کەسێکی گرینگ، هەر بۆیە هەموو شتێک لە دوای مردنی خۆیەوە بەجێ ئەهێڵێ. تۆ بە ئاماناجی گەیشتنی ئاستێکی بەرزی لە نەبوون. لەو دونیایەدا بە سووک و ئاسانی و بە بۆشی وەک ژمارە سفر بژی. ئێمە ئینجانەی کشتوکاڵ جیاناکەینەوە، چونکە زینەت و جوانی لە دەرەوە نیە بەڵکوو لەو بۆشاییەیە کە لە ناوەمانە، بۆیە هەر ئەویشە کە وامان لێ ئەکات بە ڕێک و پێکی بوەستین. جا پەی بردن بە نەبوون شتێکە ئێمە ناتوانین تەحیقیقی بکەین، هەر ئەمەشە ئەمان هێڵێتەوەو وامان لێ ئەکات لە ژیان بە ردەوام بین.**

### ڕوونکردنەوە:

---

ئەوەی زانراوە مرۆڤ حەزێکی لە ڕاددەبەدەری هەیە بۆ ئەوەی لەم ژیانە کاتیەی ئێرەدا کە وەك نەبوویەك وایە لە شتان بکۆڵێتەوەو کەسێکی بەناوبانگ و گرینگی لێ دەربچێت تا بە هۆیەوە شانازی پێوە بکات، ئیتر هەموو شتێك ئەکات تاوەکوو پێی بگات و لە دوای خۆشی ئەو نێو بانگەی هەر بمێنێتەوە. خۆشەویستان سنووری مرۆڤ دیاری کراوە، لەوانەیە نەتوانی هەموو شتەکان لێرەدا تەحقیق بکەی، بۆیە لە ژیاندا زۆر بە سادەیی بژی و شتەکان بە سادەیی وەرگرە. وە سەبارەت بەو بۆشایی سفرەش چۆن ئەبینی پیتی صادی سفرٍ لە عەرەبی ناوەکەی بۆشە تۆش دەروونی خۆت ئاوا خاڵی بکەو بە دەردو غەمی نەگەیشتن بە شتەکان پڕی مەکەوە. لەوانەیە توانات لەو بوارە نەبێت بەلاّم لە بوارێکی تردا ئەتوانی بە

دەستی بهێنیت، چونکە هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ بە دەستهێنانی بێگومان ئەوەی مەحاڵی ئەکات تەنیا بێ هیواییە. وە ئەگەر خولیای بە دەستهێنانی پلەو مەقامی بەرزیشت هەیە ئەوە نابێت بێ هیوا بیت و دەستیشت لەسەر ئەژنۆ بێت، بەڵکوو هەستە کاری بۆ بکەو تا بەو شتە بگەی. وە خۆشەویستەکەم نموونەی تەحیقیق کردنی شتان لەم ژیانەی ئێمەدا وەکوو گوڵدانێك وایەو کە پڕبێت لە گوڵ و دڕك. ئیتر هەر یەکێك لە ئێمە تەواوکەری پێگەیاندنی ئەو گوڵەیە ئەمە چۆن؟ بۆ نموونە کۆمەڵێك خەڵك لە نێو مرۆڤایەتی ئەبنە خۆڵی گوڵدانەکە، وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە تۆی گوڵەکە. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە بە زیندەوەرە زیانبەخشەکان و سوود بەخشەکان. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە ئاو. وە کۆمەڵکێکی تر ئەبن بە قەدو ڕەگ و ڕیشاڵەکانی ئەو گوڵە. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە دڕك. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە ڕەنگی گوڵەکە. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە بۆنی گوڵەکە. وە کۆمەڵێکی تر ئەبن بە خودی گوڵەکە. ئیتر هەتا دوایی گشت مرۆڤایەتی لە تەحیقیقی ئەو گوڵەدایە کە ئەویش خودی ژیانە. ئیتر تۆش سەیرکە بزانە لە تەحیقیقی کام بەشی پێکهێنانی گوڵەکەی؟ چونکە لە کۆتاییدا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە گوڵێك بەرهەم دەهێنن، بۆیە لە چی بێ هیوا ئەبیت. وە ئەگەر بەس سەیری دەرەوەی خۆڵەکە بکەیت و ئەتەوێت هەر خۆت ببیت بەو گوڵەو بەس ئەوە تووشی بێ هیوایی ئەبیت و ڕەنگە کاری تۆ نەبێ، وە دڵنیاش بە ئەو گوڵە نە ئەبوو ئەگەر سەرچاوەکەی نەبایە لە ژێر ئەو خۆڵەوە. هەر بۆیەش شەمس لێرەدا پێمان ئەڵێت: "هەر یەکەتان کارێکی لە ئەستۆدایەو واز لەوە بێنە کە تەحیقیق کردنەکەی لە ئەستۆی تۆدا نیە، تاوەکوو لە ژیان بەردەوام بی و لە خاڵێکا نەوەستیت و بێ هیوایی یەخەت بگرێت".

## (ڕێسای سی و چوارەهەمی عیشق)

**خۆ بەدەستەوەدان واتای ئەوە ناگەیێنێ کەوا ئەو مرۆڤە بێ هێزە یاخود خراپە، وە مانای ئەوەش ناگەیێنێ کەوا بڕوای بە قەزاو قەدەر یاخود خۆ بەدەستەوەدان هەیە، بەڵکوو بە پێچەوانەوەی ئەوەوە. چونکە هێزی ڕاستەقینە لە خودی خۆ بەدەستەوەداندایە — کە هێزێکە لە ناوەوە سەرچاوەی گرتووە. جا ئەوانەی لەم ژیانەدا خۆیان بەدەستەوە ئەدەن بۆ کاکڵەو نێوەڕکی خوایی ئەوە بە ژیانێکی پڕ لە ئارامی و سەلامەتیەوە ئەژین، ئەگەرچی تێکڕای خەڵکیش ڕووبەڕووی ئالۆزی و بارگرژیە یەک لە دوای یەکەکان ببنەوە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

بێگومان ئەو بڕوادارانەی کە بەتەواوی لەناخیانەوە خۆیان تەسلیمی ئیرادەی خوا کردووە، ئەوانە ژیانێکی زۆر سادەو ساکاریان هەیە. ئەمانە شتە بەدەست نەهاتووەکانی دونیا خەفەتبارو دڵ تەنگیان ناکات. چونکە ئەزانن کە بۆیان نەبووە ئەوە خێری بۆیان تێدابووە. جا ئەو خۆ تەسلیمکردنەیان واتای ئەوە نیە ئەوەنا تەمبەڵن یاخود لەبەر ئەوەی بڕوایان بە قەزاو قەدەر هەیە بۆیە ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست بووە، نەخێر ئیرادەی بەهێزی ئیمانی ژوورەوەیان وایان لێ ئەکات کە تەسلیمی ئیرادەی خوای گەورە بن (جل جلاله). هەر بۆیەش خوای گەورە سەکینەت و ئارامی بە دڵەکانیان ئەبەخشێت. جا خۆشەویستان با ئێمەش وەك ئەو کەسانە بین، تاوەکوو لە غەم و پەژارەی دونیا دوور بین و دڵێکی پڕ لە ئارامیمان بۆ فەراهەم بێت.

## (ڕێسای سی و پێنجەهەمی عیشق)

لەم جیهانەدا شتەکان لە یەکچوو ڕێکخراو نین، بەڵکوو دژ بەیەکن و هەر یەکەیان لە هاوارو فەریادە، لە دەرەنجامی ئەوەوە وامان لێ ئەکات کەوا هەنگاوێک بەرەو پێش بڕۆین. لە ناوەوەی هەر یەکێکمانا هەموو دژ بەیەکەکانی گەردوون هەیە، بۆیە لەسەر بڕوادار پێویستە بەو کافرە خۆ حەشێرە بگات لە ناوەوەی خۆیدا، وە بە هەمان شێوەش لەسەر کافرەکەش پێویستە بڕوادارە بێ دەنگەکە بناسێت لە ناوەوەی خۆیدا. وە پێویستە خۆمان بگەینە ئەو ڕۆژەی کەوا مرۆڤ تیایدا ئەگاتە ئاستێکی کەماڵ، کە ئاستی مرۆڤی نموونەییە، چونکە بڕوا هێنان هیچ نیە تەنها کردەیەکی یەک بەدوای یەکە، وە بوونی هاوشانەکەشی پێویست ئەکات کە: بێ باوەڕییە.

## ڕوونکردنەوە:

---

ڕێسایەکی مەزنە گەر بە جوانی لێی تێ بگەین. شەمس ئەیەوێ پێمان بڵێ: کەوا دونیا بەهەشت نیە تا هەموو شتەکانت بە ڕێك و پێکی بێ ماندوو بوون و دژ بەیەك وەستان بۆت فەراهەم بێت، بەڵکوو بەهۆی ئەم لێك نەچوونەو دژ بەیەك بوونە وای لە بوونەوەرەکان کردیە کەوا هەر یەکەو کاری خۆی ئەنجام بدات. بۆ نموونە شەوو ڕۆژ، گەرمی و ساردی، سپی و ڕەش، شلی و ڕەقی، موجەب و سالم هتد. هەر بۆیە لە بەرامبەر ئیماندا کوفر هەیە، جا لەسەر کەسی ئیماندار و کافر پێویستە هەر یەکەیان ئەو هاوەڵە شاراوەی خۆیان لە ناخی خۆیان بدۆزنەوە، چونکە وەك گوتراوە (الأشیاء تعرف بأضدادها)، واتە: شتەکان بە دژەکانیانەوە ئەناسرێن، بە هۆی ئەو دژانەوە ئەتوانین هەنگاو بەرەو پێش بنێین با چەند

نموونەیەك بێنینەوە تا فەلسەفەی بوونی مرۆڤ و ژیان بزانین. بۆ نموونە: ئەگەر شەیتان نەبایە فەلسەفەی خراپە بوونی نە ئەبوو وە حیکمەتی خوای گەورەش لە درووست کردنی ئادەمدا گرینگیەکی ئەو تۆی نە ئەبوو، تۆ وەرە سەیر بکە، ئەگەر بوونی ئەبوو جەهل نەبایە کە کافرێکی سەرسەختی ئەم ئیسلامە بوو ئەوە ڕۆحی پیرۆزی ئەبوو بەکری صدیق گرینگیەگی ئەو تۆی نەئەبوو بەرز نە ئەبۆوە بۆ پلەکانی بەهەشت، وە ئەبوو جەهلیش نزم نە ئەبۆوە بۆ ناوەوەی دۆزەخ. بۆ نموونە: لە درووست کردنی ئاگردا سوود هەیەو جا کەسێك بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئاگرەوە وە یاخود شتێکی لە ئاگر بەرکەوێ و نەفرەت لە ئاگر بکات و بڵێ چ سوودێك لە بوونی ئاگر هەیە؟ ئەمە ئەو پەڕی گەلحۆیی و گەمژەییە. بە هەمان شێوە ئەگەر بەرامبەر چاکەکاری شەڕ نەبایە ئەو کاتە پلەی مرۆڤ لە هی فریشتەکان بەرزتر نە ئەبوو، چونکە فریشتەکان لە حاڵەتی تێکۆشاندا نین، بەڵکوو لە حاڵەتی فەرمانگوزاری و خواپەرستیدان. کەچی مرۆڤی ئیماندار لە یەك کاتدا لە حاڵەتی تێکۆشان و فەرمانگوزاری و خواپەرستیدایە، بۆیە حیکمەتی خوا بۆ پلەی کەماڵی مرۆڤی ئیماندار داخوازی بە دیهێنانی شەڕی کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خوای گەورە فەرمان بە شەڕ ناکات، بەڵکوو قەدەغەی شەڕیش ئەکات تاوەکوو تێکۆشان بکەین هەنگاو بنێین بەرەو پێش. جا لە ڕێساکەدا شەمس ئەڵێ: "ئەگەر تۆ هەنگاوت ناو شتە دژ بەیەکەکانت ناسی و خۆت گەیاندە بڕوا هێنان ئەو کاتە ئیمانەکەت ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کامڵ بوون ئەچێت هەروەکوو ئیمانی پێغەمبەران و پیاوچاکان و شەهیدان (ڕەزای خوایان لەسەر بێت). وە بە پێچەوانەی ئەوەشەوە بابای کافریش ئەگەر ئیمانی ناسی بەڵام سەرکێشی کرد وە یاخود بە دوای ئەو شاراوە بێ دەنگە نەگەڕا کە ئیمانەکەی بوو لە ناخی، ئەو کاتە ئاستەکەی نزم ئەبێتەوە کە شایستە بێت بەو، وە لەگەڵ ئەو کەسانەشا حەشری بێت لە دوارۆژ کە گرۆی شەیتانەکان و بێ بڕواکانن.

## (ڕێسای سی و شەشەمی عیشق)

بێگومان ئەم جیهانە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕ بە دیهێنراوە، جا هەموو فرمانێکیش هاوشانی هەموو تەنۆچکەیەکی چاکەیە کە ئەیکات، وە سزای هەموو تەنۆچکەیەکی خراپیش ئەدات کە ئەیکات. ئیتر مەترسە لە پیلانگێڕانەکان، یاخود لە فێڵ کردن، یاخود لەو فرتوفێڵانەی کە خەڵکی ئەیگێڕنەوە. تۆ بیرکەرەوە ئەگەر بێت و یەکێک لەوان شیرک و هاوبەشێکت بۆ دانێن تاوەکوو تووشی بیت، ئەوە ئەکرێ خوای گەورە ئەمەی کردبێت، کە هەر خۆی پیلاندارێژەری گەورەیە. بێگومان گەڵای هیچ دارێک بەبێ زانستی خوا جووڵە ناکات. بە سانایی و شێوەیەکی تەواو بڕوا بەمە بێنە. هەرچی ئەوەی خوای گەورە ئەیکات ئەوە بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە حیکمەت ئەیکات.

## ڕوونکردنەوە:

بەڵێ خۆشەویستان ئەم جیهانەی ئەیبینین لە ئەنجامی گۆڕانەوە هاتۆتە بوون سەرەتا لە نەبوونەوە دواتر قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەرهاتووە تا ئەم گەردوونەی ئێمە لێ دروست بووە. خوای گەورە ئەفەرمووێت: (فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَا)[3] واتە: خوای گەورە لە ماوەی دوو ڕۆژان لە درووست کردنی ئاسمانەکانیش بۆوە دواتر ئەمرو فەرمانی خۆی وەحی کرد بۆ هەموو ئاسمانەکان. خۆشەویستان ئەو دوو ڕۆژە هەر خوا بۆ خۆی ئەزانێ هەندێك لە زاناکان ئەفەرموون واتە بە دوو قۆناغ چونکە زەمەن و کات و

[3] سورة فصلت آية ١٢.

ڕۆژو شەو ئەم شتانە گشتی لە دروستکراوانن، ئیٚ خوای گەورە خۆی دروستکەرە، بۆیە تەئویلمان کرد. جا بیر لەو فەرمانە بکەوە. وە لە شوێنێکی تردا بە ئادەم ئەفەرمووێ: (فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ)[4] واتە: (ئەی فریشتەکان کاتێ کە من ئادەمم دروست کردو وە لەو ڕۆحەی خۆشم بە بەرلاشەی ئادەما کرد ئێوە لەو کاتەیە سووژدەی بۆ بەرن) وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: (وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا)[٥]، واتە: (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم)، پرسیارت لیٚ ئەکەن دەربارەی ڕۆح تۆش پێیان بڵیٚ: ڕۆح ئەمرو فەرمانی پەروەردگارمە، ئێمە زانیارییەکی ئەو تۆمان لەبارەی ڕۆحەوە پیٚ نەداون تەنیا کەمێك نەبیٚ). ئینجا وەرە بیرکەرەوە

١) جیهانی ئەمر.

٢) ئەو ئەمرەی خوای گەورە گشت گەردوونی گرتووەتەوە.

٣) ڕۆح لەو ئەمرەوە سەرچاوەی گرتووەو خراوەتە نێو لاشەی ئادەمیزاد.

کەواتە ئەو ئەمر و فەرمانە لە نێو هەموو تەنۆچکەیەکی ئەو گەردوونەدا بوونی هەیە کە وەك کارپێکەرو جووڵێنەرو عەقڵی ناوازەی ئەو تەنۆچکەیە. بێگومان مرۆڤیش ئەگرێتەوە. جا خوای گەورە لە ڕێی ئەو ئەمرەوە لە ئێمەو گەردوونەوە نزیکە بە ئەندازەیەك وەك بڵێی لەم گەردوونە هیچ شتێك بوونی نیە تەنیا خوا نەبێت، بۆیە یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (باطنە)، واتە زانا بە ناوەوەی گشت شتێك. وە خوای گەورە لە شا دەماری خۆمان لە ئێمەوە نزیك ترە، بەڵام سەبارەت بە دووریشی لە ئێمەوە مامۆستا نورسی ئەفەرمووێت: "خوای گەورە بە دووریەکی ڕەها واتە بیٚ کۆتا لە ئێمەوە دوورە"، بۆیە ئەوەی شەمس لەسەرەوە فەرمووی هەموو تەنۆچکەیەکی ئەم گەردوونە ئەمری خوای گەورەی تیایەو بە

[٤] سورة الحجر آية ٢٩.

[٥] سورة الإسراء آية ٨٥.

فەرمانی ئەو کار ئەکات، جا ئەو تەنۆچکەیە باری خراپی وەربگرێت یاخود باشی ئەمانە گشتی لە ژێر کۆنترۆڵی خوای گەورەدانە. بۆیە لە هیچ مەکرو فێڵ و پیلانێك مەترسێ، وە هەتا ئەگەر پیلانی کوفریشیان خستە بەردەمت مەترسە ئەکرێ خوای گەورە خۆی ئەم خستنە بەردەمیەشی ئەنجام دابێت بۆ تاقی کردنەوەی تۆ. وە دڵنیاش بە هیچ شتێك بێ فەرمانی ئەو نایەتە کارکردن. ئا ئەوەیە ئەو خوایەی کە مرۆڤایەتی دروست کردیە کە ناوی زاتی پاکی بەرزی الله یە (جَلَّ جَلالُهُ وَعَمَّ فَضْلُهُ وَنَوالُهُ)، والله اعلم.

## (ڕێسای سی و حەوتەهەمی عیشق)

**بێگومان خوای گەورە کات دانەرێکی وردەکارە. بە ڕادەیەک وردەکارە کە ئامادەکردن و ڕێکخستنەکەی لەسەر زەوی وا ئەکات یەکسەر بێتەجێ لەو کاتەیا. نە پێش خولەک و وە نەدوای خولەکیش. وە کاژێریش زۆر بە وردیەوە ئەڕوات سەبارت بە هەموویان بەبێ جیاکردنەوە. جا بۆ هەموو کەسێک کاتێک هەیە بۆخۆشەویستی وە کاتێکیش هەیە بۆ مردن.**

### ڕوونکردنەوە:

---

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە عبد الله کوڕی مەسعود ئەفەرمووێ: (لە بەهەشتدا تۆ سەیری باڵندەیەك ئەکەی و حەز بە خواردنی ئەکەی ئیتر دەست بەجێ بە سوور کراوی لەبەردەمت ئامادە ئەبێت) بەززارو بەیهەقی ڕیوایەتیان کردووە. خۆشەویستان ئەمە مەزنترین وردکاریە لە کات. تۆ سەیری فەرمایشتەکە بە چاو باڵندەی بینیوە، جا لەگەڵ بینینەکە دڵ حەزی بە خواردن کردیە ئیتر باڵندەکە بەسوورەکراوی لەبەردەمی بووە، ئەمە چ گەورەییەکە بۆ ئەو خوایە مەزنە (سبحان الله). ئەزیزەکانم دوو کات هەیە ئەبێ بیزانین سەبارەت بە دروستکردنی شتەکان بە (کن فیکون)، خوای گەورە ئەفەرمووێ: (إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ)[٦]، واتە: بێگومان ئەمرو فەرمانی خوا ئەگەر بیەوێ شتێك بێنێتە بوون و دروستی بکات ئەوە بەو شتە نەبووە ئەڵێ کە بوونی لە زانستە ئەزەلیەکەی خۆیدا هەیە بەڵام لە واقیعا بوونی نیە (ببە ئەویش ئەبێ). کاتی یەکەم: یان ئەم شتە دەست بەجێ دێتە بوون. کاتی دووەم: یانیش لە مەودوا دێتە بوون هیچ پەلپێکیش

---

[٦] سورة یس آیة ٨٥.

(تعارض) نیە چونکە (فیکون) ی (کن) بە صیغەی ڕانەبووردوو هاتووە واتە لەو ساتەوە هەتا ئەو کاتەی کە لەمەودوا دێتە بوون. بۆ نموونە چۆنیەتی درووست بوونی منداڵ لەو کاتەی ئەو ژن و پیاوە جووت ئەبن خوای گەورە گەر ویستی لەسەر دروستکردنی منداڵەکەیان بێت، ئەوە بەفەرمانی (کن فیکون) ئەو منداڵە دروست ئەبێ، ئەمە واتای ئەوە نیە منداڵەکە تەواو دەست بەجێ دروست بوو وە ئامادەیە بێتە دەرەوە، نەخێر بەڵکوو (فیکون)ەکە کە لەمەودوا درووست ئەبێت لەماوەی چەند مانگێکا. ئەمەش سوونەتی خوای گەورەیە لە دروستکردنی شتاندا. ئیتر بۆ خۆت بیر لە هەموو نموونەکانی ئەو گەردوونە بکەوە وەکوو دروستکردنی ئەو منداڵە وایە، هەیە خێراترە هەشە دوائەکەوێ. بیر لە هێنانی عەرشەکەی بەلقیس بکە کە چۆن لە ماوەی چاو تروکانێك کۆشکەی لەبەردەم حەزرەتی سولەیمانا ئامادەبوو. وە سەبارەت بە دوا بڕگەی وتەی شەمسیش لەو ڕێسایە ئەوەیە ڕکابەرییەك هەیە لە نێوان مردن و ژیان، جا مانەوە لە ژیان خۆشەویستە وە مردنیش ناخۆشەویستە. بۆیە هەر یەکێك لە ئێمە کاتێکمان هەیە بۆ خۆشەویستی کە حەز ئەکەین بمێنینەوە لەم ژیانە کاتیە، وە کاتێکی تریشمان هەیە کە مردنەو حەزی پێ ناکەین کەچی لەبەر دەمیشمانە.

## (ڕێسای سی و هەشتەهەمی عیشق)

**بێگومان هیچ دواکەوتن نیە بە ڕەهایی ئەگەر پرسیار لە دەروونی خۆت بکەی، ئایا من ئامادەم بۆ گۆڕینی ئەو ژیانەی کەوا من تیایدا ئەژیم؟ وە ئایا من ئامادەم بۆ گۆڕینی دەروونی خۆم لە ناوەوە؟ وە هەتا ئەگەر یەک ڕۆژێکیش مابێ لەو ژیانەت ئەوە هەر بەڕۆژەکانی تر ئەچێت، جا لە هەموو ساتێکدا وە لەگەڵ هەر هەناسەیەکی نوێدا، ئەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە نوێکاری بکات، وە نوێکاری لە چرکەشا بکات. وە تەنیا یەک هۆکاریش هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی نوێ لە ژیانێکی نوێدا لە دایک ببێ ئەویش بریتیە لە مردن پێش مردنی ڕاستەقینە.**

## ڕوونکردنەوە:

---

مەبەستی شەمس لەو دواکەوتنە (تخلف) نیە، واتا دواکەوتن لە شارستانیەت، بەڵکوو مەبەستی لە دواکەوتنی کاتە. خۆشەویستەکەم زۆر گرینگە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دابنیشێ و پرسیار لە خۆی بکات بۆ ئەوەی بەرنامەو پڕۆگرامی ژیانی خۆی دیاری بکات، هەم بۆ دونیای وە هەم بۆ دوارِۆژیشی. خوێنەری بەڕێز هەرگیز بێ هیوا مەبە ئەگەر یەك ڕۆژیشت مابوو لە ژیان ئەتوانی گۆڕانکاری لە ژیانی خۆتدا بکەی. ئەم گۆڕانکاریەش سەرەتا لە ناوەوەی خۆتا دەست پێ ئەکرێ ئەویش زاڵ بوونە بەسەر بڕیارەکانی دەروون، کەوا لە مرۆڤ ئەکات بێ هیوا بێت. چونکە دەروونی مرۆڤ حەزێکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ شتە دونیایەکان، وە تەمبەڵیەکی لە ڕادەبەدەریشی هەیە بۆ داهێنان و شتە دوارۆژیەکان. بۆیە پێویستە ئەم دەروونە سەرەتا ڕام بکرێت و شتە وەهمی و پووچەکانی بە شیری تێکۆشان بکوژرێت بۆ

ئەوەی دەروونێکی نویٚ لە دایك ببیٚ. ئەگەر وامان نەکردو هەر بە تەمبەڵی دانیشتین ئەو کاتە مردنێکی ڕاستەقینە ڕوومان تیٚ ئەکات هەتا خۆمان لە گۆڕەکانا ئەبینینەوە. جا خۆشەویستەکەم با هەوڵدەین هەموو ژیانمان نوێکاری بێت، دەق بەشتە دووبارە بووەکان نەگرین، کەوای لیٚ کردوون هیچ داهێنانێکمان نەبێت و سڵمانی کردووەتەوە لە پێشکەوتنی شارستانیەت.

## (ڕێسای سی و نۆهەمی عیشق)

لەگەڵ ئەوەی بەشەکان گۆڕانکاریان بەسەرا دێ کەچی گشتی و هەموویی وەک خۆی هەر ئەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کاتێ دزی ئەم جیهانە ئەڕوات، دزێکی نوێ لە دایک ئەبێ، وە کاتێکیش کەسێکی بەڕێز ئەمرێ، ئەوە بەڕێزێکی تر شوێنی ئەگرێتەوە. جا بەهۆی ئەو ڕێگایەوە شتێک بەبێ گۆڕان نامێنێتەوە بەڵکوو هیچ شتێ گۆڕانکاری بەسەرا نایێ بە هەتایی. لەبەر ئەوەی بەرامبەر مردنی هەر صۆفیەک ئەوە صۆفیەکی نوێ لە شوێنێکی تری ئەم جیهانە لە دایک ئەبێ. بێگومان ئایینی ئێمەش ئایینی عیشقە، وە تێکڕای مرۆڤایەتیش پەیوەستن بە زنجیرەی دڵانێک، جا ئەگەر بێت و ئەڵقەیەک لەو زنجیرە بپچڕێت ئەوە لە شوێنێکی تردا ئەڵقەیەکی تر شوێنی ئەگرێتەوە. بێگومان ناوەکان ئەگۆڕێن و دێن و ئەڕۆن بەڵام ناوەڕۆکەکە هەر وەک خۆی ئەمێنێتەوە.

## ڕوونکردنەوە:

---

بۆتێگەیشتن لە مە با نموونەیەك بێنینەوە بۆ نموونە: قوتابخانەیەکمان هەیە ئەم قوتابخانەیە چەندین پۆل و ژوورو قوتابی هەیە، جا قوتابخانەکە گشتیە وە پۆل و شتەکانی تریش بەشەکانن بۆیە هەر گۆڕانکاریەك لە بەشەکان بکرێت ئەوە قوتابخانەکە هەر قوتابخانەکەیە ئیتر با سەرجەم بەشەکانیشی گۆڕانکاری تیا بکرێت هەر لە گۆڕینی زمان و دەرکردنی قوتابی و وەرگرتنی وە ژووری زیاد تیا درووست کردن هتد. ئەوەی گۆڕانکاری تیا کراوە لە خودی بەشەکانە نەك نێوەڕۆك و مەبەستیەتی قوتابخانە. بۆیەش شەمس ئەم

جیهانەی بە گشتی خەملاندو گۆڕانکاریەکانی نێویشی بە بەشەکانی خەملاند. ئیتر لە چ شتێك نائومێد ئەبیت ئەوەی لە دەستت ئەڕوات بەشێکە بەلاّم بەشێکی تر بۆت دێت شوێنی ئەون بۆ پڕ ئەکاتەوە. وە خەفەتباریش مەبە ئەگەر وەزع و باری تێکڕای میللەتێك بەرەو نەهامەتی ڕۆیشتبوو کە ئەو نەهامەتیە وەك دزێك وایە هەرچی کەیف و شادی و پێشکەوتن هەیە گشتی دزیوە ئەوە دلّنیابە لەبەر دەمیدا دزێکی نوێ لە دایك ئەبێ تا ئەو نەهامەتیە ناڕەحەتیە هەیە گشتی بدزێ و لە بری ئەوە کەیف شادی بێنێتە کایەوە. مەبەست لە دزەکە خودی مرۆڤ نیە بەلّکوو خودی ئەو نەهامەتی و کەیف و شادیەیە کە هەر جارێ یەکێکیان ئەویتر ئەدزێ. وە سەبارەت بەو فەرمایشتەی شەمسیش دین و ئایینی ئێمە عیشقە بەلێ وتەکەی زۆر ڕاستە، چونکە ئەگەر دینێك دروشم و پەیڕەوی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان نەبێت ئەو کاتە ئەو دینە بۆ زبلّدانی مێژوو باشە. لەبەر ئەوەی کۆمەلّگا لەسەر بونیادێکی توندڕەوی دانامەزرێت. بەلّکوو لەسەر خۆشەویستی تاك و کۆمەلّگا بونیاد ئەنرێت. وە خۆشەویستەکەم ئەوەی لە نێو ئەم جیهانەدایە وەکوو زنجیرە وایە ئەگەر دانەیەکی بچڕا یەکێکی تر شوێنی ئەگرتەوە چونکە کەمالّ و جوانی ئەو زنجیرە بەهۆی ئەوەوە کە شوێنی ئەگرتەوە. جا هەر گۆڕانکاریەکیش کرا ئەوە تەنیا لە ناوەکانە ئەگینا نێوەڕۆکەکانیان هەر بۆ یەك مەبەست بەدیهێنراون.

## (ڕێسای چلەهەمی عیشق)

**بەبێ عیشق و خۆشەویستی هیچ نرخێک بۆ ژیان نیە. پرسیار لە دەروونی خۆشت مەکە کەوا چ جۆرە عیشقێکت ئەوێ، ئیتر ڕۆحی بێ یا ماددی، خوایی بێ یا دونیایی، ڕۆژئاوایی بێ یا ڕۆهەلاتی. چونکە دابەشکردنەکان تەنیا ئەبنە هۆکاری زیادکردنی دابەشکردنەکان. عیشق ناوو نیشانەو پێناسەی نیە. ئەو هەر وەک خۆیەتی، پاک و ئاسانە. "عیشق ئاوی ژیانە وە عاشیقیش ڕۆحێکە لە ئاگر"، ئیتر گەردوون جیاواز ئەبێ لەو کاتەی کە ئاگر عەشقی ئاو ئەبێ.**

## ڕوونکردنەوە:

---

جوانترین و کۆتا ترین ڕێسا کە شەمس فەرمووی بۆیە خۆشەویستانم ژیان بەبێ عیشق و خۆشەویستی ناڕوات بەڕێوە. گەنجەکانمان بە هەڵە لە شەمس نەگەن کەوا مەبەستی شەمس ئەوە بێت کچ و کوڕ پەیوەندی خۆشەویستی دابمەزرێنن نا حاشا بەڵکوو ئەو باسی دامەزراندی کۆمەڵگەیەکی شەرعی لەسەر بونیادێکی عیشق و خۆشەویستی ئەکات. نەك لەسەر بونیادی توندڕەوی و ڕق و کینەو حەسادەت. بۆیە شەمس پێمان ئەڵێ هەموو شتێکت خۆش بووێت وەك مرۆڤایەتی، ئێمە کاتی خۆی وایان لە ئێمە گەیاندبوو کەوا ئەبێ ڕقمان لە دایك و باوکی خۆشمان بێتەوە ئەگەر کافرو بێ بڕوا بوون، ئەمە ئەو پەڕی ستەمە لە مرۆڤایەتی ئەکرێ. تۆ وەرە سەیری پێغەمبەرمان بکە (صلی الله علیه وسلم) ئەبو تالیبی مامی خۆی چەند خۆش ئەویست کەچی بێ بڕواش بوو بەڵگەی خۆشەویستیەکەشی ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێ:

﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ ﴾[٧]، واته ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی تۆ خۆشت ئەوێ ناتوانی هیدایەتی بەی بەڵکوو هیدایەتدان بە دەست خوای گەورەیە، ویستی لەسەر کێ بێ ئەوە هیدایەت ئەدات، خوای گەورە سەلماندی کەوا پێغەمبەرمان کەسێکی کافری خۆش ئەویێت، وە خوای گەورەش ڕێگری خۆشەویستیەکەی لێ نەکرد، بەڵکوو تەنیا ئەوەی پێ فەرموو هیدات بە دەستی تۆ نیە، ئەم خۆشەویستیەش سەبارەت بەتاك بوو لە نێو کۆمەڵگا. وە هەروەها سەبارەت بە خۆشەویستی گەلان و کۆمەلانی تردا ئەوە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿لا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾، واتە: ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خوای گەورە ڕێگری ئەوەتان لێ ناکات دەربارەی ئەو کافرانەی کە نەشەڕیان لەگەڵ کردوون و وە نە لەماڵەکانی خۆشتان ئێوەیان وەدەرناوە کەوا چاکەکارو دادپەروەر بن لەگەڵیان، چونکە خوای گەورە دادپەوەران و چاکەکارانی خۆش ئەوێت. ئیتر خۆشەویستان ئەمە یاساو ڕیسایە وە عیشق و خۆشەویستی شتێکی سروشتیە لە ناخی مرۆڤا خوای گەورە بۆ خۆی وای داناوە ئیتر دژایەتی چی ئەکەیت. ئەتەوێ بە ناوی (وەلائو بەرائەوە) کە لە کتێبەکانی عەقیدەدا ئەخوێنرێت گشت کەس و کارو کۆمەڵگا بکەیتە دوژمنی خۆت برۆ جوان لە دینەکەت شارەزا بەو بزانە خۆشەویستی حەزرەت چەندبووە بۆ مرۆڤایەتی. زۆر بەداخەوە حەزرەت لە دۆڵ و شیوێکە ئێمەش لە شیوێکی ترین. پێناسەی حەزرەت بۆ دین گشتی لە ڕێژنەی میهرەبانی خۆشەویستیەوە بوو، کەچی پێناسەی ئێمە گشتی کوشتن و بڕین و بە کافرزانینی مرۆڤایەتی حەیف زۆر بە داخەوە. من لە بری هەموو ئەو توندڕەوانەوە داوای لێبوردن لە تێکڕای مرۆڤایەتی ئەکەم چونکە نەیان توانی لە دین و فەلسەفەی ژین و خۆشەویستی تاك و کۆمەڵگا بگەن بموورن.

---

[٧] سورة القصص آية ٥٦.

لە کۆتاییدا ئەڵێم: "هەزاران جار سوپاس بۆ خوا لە وەرگێران و ڕاڤەکردنی چل ڕێساکەی عیشق بوومەوە لە ڕۆژی هەینی پێش کاتی عەسر لە (١٠-١١-٢٠١٧). خوای گەورە بیکاتە ڕێ نیشاندەرێك بۆ خۆم و بۆ میللەتەکەم، وە بیکاتە مایەی سەرفرازیمان لە هەردوو ژین. ئامین ئامین

**مەلا ڕەزوان ناسراو بریندارى شاعر**

**١٠-١١-٢٠١٧ كوردستانى داگیركراو - هەولێر**




خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەست گرینگترین کتێبە
گەر بێت و یاسەکانی نێوی جێ بەجێ بکەی.
ئەم کتێبە مەزنە پێک هاتووە لە چل ڕێسا ی ژیان کە بە شێوازێکی
وا داڕێژراوە ئەوەی ئەیخوێنێتەوە زۆر سەرسام ئەبێت پێی.
کتێبێکە بۆ گەشە پێدانی مرۆیی، وە هەروەها بۆ بنیادی
شارستانیەت ، وە هەروەها بۆ بڵاو کردنەوەی خۆشەویستی و دوور
لە توندو تیژی. کتێبە ئاسۆیەکی ڕوونت پێ ئەبەخشێ
کە چۆن بڕوانیتە خواو گەردوون و خۆت و مرۆڤایەتی.

چاپی یەکەم

ساڵی 2017